

# ١٠١ شت
# دەربارەی ئێربەن دیزاین

ماثیو فرێدریک و ڤیکاس مێهتا

# ١٠١ شت
# دەربارەی ئێربەن دیزاین

نووسەران | ماثیو فرێدریک و ڤیکاس مێهتا
وەرگێڕان | هیمداد عەباس

**١٠١ شت** دەربارەی ئێربەن دیزاین

# پێشەکی نووسەران

خوێندکارانی ئێربەن دیزاین لە فەزایەکی دژیەکی دا ئەخوێنن. لە ستۆدیۆکانی دیزایندا و لە هەموو وەرزێکی خوێندندا ڕائەسپێردرێن بۆ دیزاینکردنی بەشە گرینگەکانی شار و شارۆچکەکان، هەرچەندە کە ئەزموونێکی کەمیان هەیە دەربارەی دیزاین و تێگەیشتنێکی سنوورداریشیان هەیە دەربارەی ئێربەنیزم.
خوێندکاران کەمترین ئامۆژگاری و ڕێنماییان پێ ئەدرێت سەبارەت بە چۆنیەتی بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان، لەبری ئەوە پێویستە خۆیان لەڕێگای کرداری و ئەزموونەوە فێریان ببن. ئەم ڕێبازە بە پێویست ئەزانرێت بۆ فێرکردن (ئێمەی مامۆستایانیش ناتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە ڕێبازێکی باشترمان لەوە دۆزیوەتەوە) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ڕێبازە وا ئەخوازێت کە خوێندکاران لە یەک کاتدا بە دوو ئاراستەی پێچەوانەدا بجولێن: بەرەوپێشەوە بۆ تەواوکردنی پرۆژەکە، وە بەرەو دواوە بۆ ئەو بیرۆکەو تێگەیشتنانەی کە پێویست بوون بۆ تەواوکردنی پرۆژەکە بەشێوەیەکی باش.
خوێندکارێک چۆن لەنێوانی ئەم نارێکیەدا سازان دروست ئەکات؟ چۆن کەسێک دیزاینی شتێک ئەکات پێش ئەوەی کە هیچی لەبارەوە بزانێت؟ لە کوێوە دەستپێ بکەین - لە تێگەیشتن یا لە کردەوە؟ ئایا هیچ ستراتیجیەتێکی دیاریکراو هەیە کە خوێندکار پشتی پێ ببەستێت و لە هەمان کاتیشدا چاوکراوە بێت بۆ فێربوونی زیاتر لە دەرەوەی ئەم ستراتیجیەتە؟
وەڵامی ئەم پرسیارانە لە کتێبەکان و لە پلانی ووتنەوەی وانەکاندا دەستناکەون. بەڵام لە ستۆدیۆکانی دیزاین دا دەستەکەون زۆرجار لە شێوەی گفتوگۆی ڕەخنەیی و ئیعتیرازی کورت و تێبینی لابەلادا کە مامۆستایان پێشکەشی خوێندکارانی ئەکەن تاوەکو نەهێڵن چەق ببەستن، یان بیانهێننەوە سەر ڕێگایەکی دروست، ئیلهام یان زانیاریان پێ ببەخشن. کاتێک گفتوگۆ ڕەخنەییەکان تەواو ئەبن، مامۆستا ئەگەڕێتەوە سەر پلانی خوێندن، سەر ڕێنمایی کردن و فێرکردنی ڕاستەقینە. بەڵام ئێمە باوەڕمان وایە کە ئەم جۆرە لە گفتوگۆی ئیعتیرازی و ڕەخنەیی کورت، ڕێنمایی و فێرکاری ڕاستەقینەن و لەم کتێبەشدا ١٠١ وانەمان لێیانەوە هەڵێنجاوە، ئەرکێک کە بەلای ئێمەوە لەیەک کاتدا هەم زۆر گران و هەم ڕزگارکەر بووە. گرانە چونکە ئەستەمە ئێربەنیزم - گەورەترین پرۆژەی ماددی کە مرۆڤ جێبەجێی ئەکات – لەناو کتێبێکی بچووکدا جێگای بکرێتەوە. بەڵام ڕزگارکەرە چونکە ئامانجی ڕاستەقینەی ئێمە هاوەڵی کردنی خوێندکارانە بۆ دەرچوون لەو بارگرانیەی بابەتەکە ئەیخاتە سەرشانیان لەناو ستۆدیۆی دیزاین دا.


لەم کتێبەدا زیاتر تیشکمان خستۆتە سەر مژار و ڕەهەندە ئاساییەکانی ئێربەنیزم لە ئەمەریکای باکوور. لێرەدا پەیڕەومان نەکردووە لەو سپاردەو بزووتنەوەو پڕۆژەو شێوازانەی فێرکردن کە لە هەندێ پرۆگرامی باوی دیزاینی شارستانی دا هەن وەکو پلانسازی شارە گەورەکان، داڕشتنی پلانی ژێرخانی گەورە سەبارەت بە تێکهەڵکێشکردنی شارەکان و سروشت، دوبارە داڕشتنەوەی ئێربەنیزمی نەریتی، یان بەکارهێنانێکی زیرەکانەی ئێربەنیزمی تاکتیکی بۆ ئەنجامدانی چاکسازی ئێربەنی کورت خایەن و هەرزان. ڕاستە شتگەلێکی زۆر هەن کە ئەکرێ لە هەریەکەیانەوە فێرببین، بەلام ئێمە بڕوامان وایە کە پرسە بنەڕەتیەکان بۆ سەرجەم شوێنە شارستانیەکان بریتین لە ئەزموونی خەڵکی ئاسایی لە ژیانی ئاسایی ڕۆژانەدا کە ئەم شوێنانە بەکار ئەهێنن.
لەبەر ئەم هۆکارە بڕوامان وایە ئەم کتێبە سوودبەخشە بۆ ژمارەیەکی زۆر لە کەسانی دیکەش لە دەرەوەی ستۆدیۆکانی ئێربەن دیزاین دا. لە ڕاستیدا ئەوانەی کە لە هێڵی پێشەوەی جیهانی ڕاستەقینەی ئێربەن دیزاین دان - وەکو بەڕێوبەرانی شار و شارۆچکەکان، پلانەران و دیزاینەرانی پسپۆڕ، وە هاوڵاتیانی ئاسایی - ڕووبەڕووی هەمان ئەو تەنگژەو گرفتانە ئەبنەوە کە خوێندکاران لە ناو ستۆدیۆدا ڕووبەڕوویان ئەبنەوە: هەبوونی هیوا یاخود پێشبینیکردن بۆ وەدیهێنانی چارەسەرێکی کۆنکریتی خێرا بۆ پرسێکی ئێربەنی، لە کاتێکدا کە هێشتا پرسیاری گەورەتریش هەن دەربارەی ئەم پرسە و پێویستیان بە وەڵامدانەوە هەیە. ئەتوانرێ بڕیارێکی باو بدرێت لە ڕێگای پەنا بردنە بەر ڕێنمایی و پەیڕەوە ئامادەکراوەکانی دیزاین، ڕەچەتەی دروستکردنی شەقامێکی تەواو، وە چارەسەری پێشوتری ئامادەکراو، وەک ئەوەی کە ئێربەن دیزان بریتی بێت لە کۆمەڵێک وەڵامی ستاندارد کە بەسەر هەموو جیهاندا جێبەجێ بکرێن. گومان لەوەدا نیە بنەما جیهانیەکان بەسەر سەرجەم شوێنە شارستانیەکان دا جێبەجێ ئەکرێن. بەڵام هەموو شوێنێکیش خاوەنی مۆرکێکی تایبەتی و بێ هاوتایە کە وای لێ ئەکات خۆشەویست و ڕەسەن و پاوەجێ بێت. لەبەرەوەیە کە ناکرێ ئێربەن دیزاین بەشێوەیەکی ڕاستەهێڵی و بەیەک ئاڕاستە فێری خوێندکاران بکرێت. هەندێ شت هەن جیهانیین و هەندێکی دیکەش تایبەتی، وە گومان لەوەدانیە کە پێویستە کۆمەڵێک شتی گرینگ بەر لەوانی دیکە فێری خوێندکاران بکرێن، بەلام بە تەنها یەک جێگا نیە کە پێویستە لێیەوە دەست بە فێربوونی بکەین. خاڵی دەستپێک بۆ تێگەیشتنێکی فراون لە ئێربەن دیزاین جیاوازە بەلای خەڵکی جیاوازەوە.
هیوادارین یەکێک یان زیاتر لەم خاڵانەی باسیان ئەکەین، خاڵی دەستپێکی تۆ بن.

ماثیو فرێدریک، ڤیکاس مێهتا

١

## گرینگی بە پەیوەندییەکانیش بدە، نەوەک بە تەنها بەشەکان.

هەمـوو بەشـێک، لـە هـەر سیسـتەمێکی هاوژینـی (symbiotic) دا، خۆڕاگرتـر و بەهێزتـر ئەبێـت لەڕێـگای بەسـتنی پەیوەنـدی لەگـەڵ بەشـەکانی تـر دا. پێکبەسـتنەوە بەشـێوەیەکی هاوژینـی واتـا پێکەوەگرێدانـی بەشـەکان لەگەڵ یەکتریدا، پاشان دروستکردنی سیستەم لە بەشە گرێدراوەکانـەوە، ئینجا پێکبەستنەوەی سیستەمەکان لەگەڵ یەکتریدا.



٢

# تۆ ٨٥%ی کاتەکان بەڕێژەی ٨٥% لە خەڵکی دیکە ئەچی.


ئامرازە سەرەکیەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە ئێربەن دیزاین- کە بریتین لە خودی خۆت، شارەکەت، شارۆچکەکەت، لادێکەت - هەمیشە بەردەستن شەووڕۆژ ٢٤ کاتژمێر. بە لێڕامان و تەجروبەکردنی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی خۆت لە شوێنە جیاوازەکانی ناو شاردا، ئەکرێ زۆر شت فێربیت سەبارەت بەوەی کە چ شتێک بە کەڵکی خەڵکی دیکەش دێت وە لەبەرچی. تۆ بەلاتەوە باشتر و پەسندترە بەسەر هەندێ شەقامی دیاریکراودا بڕۆیت وەک لە شەقامەکانی تر؟ یاخود بەسەر شۆستەیەکی شەقامەکەدا برۆیت وەک لە شۆستەکەی ئەوبەر؟ کە ڕێگایەک ئەگریتە بەر بۆ سەردانی هاوڕێکەت ئایا لە کاتی گەڕانەوەتدا بۆ ماڵەوە بە ڕێگایەکی جیاوازدا ئەگەڕێیتەوە؟ ئایا لە هەندێ بەشی شاردا ڕێگات لێ وون ئەبێت؟ ئایا لەگەڵ خەڵکانی نەناسراودا هەست بە ئاسوودەیی ئەکەیت لە هەندێ شوێندا بەڵام ئاسوودە نیت لە هەندێ شوێنی تر دا؟ لە هەمووی گرینگتر ئایا ئەتوانی هەندێ خەسڵەتی ئەو شوێنانە دەستنیشان بکەیت کە کاردەکەنە سەر هەڵسوکەوت و ئەزموونەکانت؟.



# ٣

## ئێمە بۆشایی داخراومان پێ باشترە.

بە پێچەوانەی باوەڕی باو، زۆرینەی خەڵک خۆیان لە بۆشایی کراوەو فراوان بەدوور ئەگرن. ئێمە لەوانەیە جاروبار چێژ وەرگرین لە گەڕان بە ناو دەشتودەری فراواندا، یا ڕۆیشتن بۆ کەناری دەریا، یاخود ڕووانین بەرەو دیمەنێکی سروشتی پان و بەرین لە پەنجەرەی ئۆتۆمبێلەوە. بەڵام هەمیشە ئەو بۆشاییە دەرەکییانەی (outdoor space) کە ئێمە هەڵیان ئەبژێرین بۆ دانیشتن و پشوودان و مانەوە تیایاندا، ئەو بۆشاییانەن کە بە ڕێژەیەکی زۆر دەورەدراو و داخراوون.



٤

## بیرکردنەوەت هەڵگێڕەوە.

کەلتور وەها لێیڕاهێناوین کە واقیع ببینین و لێی تێبگەین وەک ئەوەی کە تەنها بریتی بێت لە ڕێکخستنی شتەکان و تەنەکان. هەرچی سپەیسە، لە چاوی مۆدێرنی ئێمەدا تەنها بریتی یە لە بۆشاییەکی ڤاڵا (void) تاوەکو لەناویدا تەنەکان دروست بکەین، یاخود لەناویدا تەنەکان دابنێین. ئێمە ئارەزووی ئەوەمان نیە کە شێوە بە سپەیس ببەخشین بەڵکو زیاتر وەکو بەرماوێک و بۆشاییەکی بەجێماو مامەڵەی لەگەڵدا ئەکەین لەدوای دانانی تەنەکانەوە.


بەڵام لە دروستکردنی شوێنە شارستانیەکاندا (urban places) تێگەیشتنێک و تێڕوانینێکی تەواو پێچەوانە بەکاردەهێنرێت. هەروەک چۆن تەلارسازێک شێوە بە تەلارەکان ئەبەخشێت، بەهەمان شێوە ئێربەن دیزاینەر شێوە ئەبەخشێت بە بۆشاییە دەرەکییەکان (outdoor spaces). لێرەدا تەلارەکان وەکو بەرماو لێیان ئەڕوانرێ. تەلارەکان ئەخرێنە سەر جێگایەکەوە، بە شێوازێک ڕێک ئەخرێن، یان شێوەیەکی ڕێک یاخود تەنانەت ناڕێکیشیان پێ ئەبەخشرێت تاوەکو شەقام و پلازاکانی نێوانیان شێوەیەکی ڕوون و مانابەخشیان هەبێت.

**بۆشایی ئەرێنی**
**positive space**


- شێوەیەکی ڕوون و دیاریکراوی هەیە
- بەزۆری بۆشاییەکی داخراوە
- هانی پشوودان و مانەوە ئەدات
- کارلێکی شارستانی civic engagement ئاسان ئەکات

**بۆشایی نەرێنی**
**negative space**

- بۆشاییەکی بەجێماوە، شێوەیەکی ناڕوون و نارێکخراوی هەیە
- بۆشاییەکی کراوەیە، لەبەر ڕۆیشتووە
- هانی جموجۆڵ ئەدات
- برەو ئەدات بە لێکترازانی شارستانی



پێشینەدان بە بۆشایی
space prioritization




پێشینەدان بە تەن
object prioritization

## ٥

# بۆشایی بۆشایی دروست ناکات، فۆڕمەکان بۆشایی دروست ئەکەن.

بۆشاییەکی گشتی public space بۆ ئەوەی شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا وەربگرێت پێویستە زیاتر بە بینا دەورە بدرێت وەک لە بۆشایی زیاتر. لەو ناوچانەی شاردا کە بواری هاموشۆکردن هەیە بەناویاندا walkable districts، ئەوا ڕێژەی داپۆشینی سەرزەوی (ڕێژەی ئەو ڕووبەرەی کە بینا داگیری ئەکات building footprint بۆ ڕووبەری ئەو زەویەی بیناکەی لەسەرە land area) لە ٥٠% زیاترە. بەڵام لە شارە کۆنەکاندا ئەم ڕێژەیە هەڵدەکشێت بۆ زیاتر لە ٩٠%.




نەخشەی نۆڵی (Nolli map)ی شاری ڕۆم (نەخشەیەکی کەرتی)، ١٧٤٨

٦

# شارەکان هەمیشە شارستانی نین، قەراغ شارەکانیش هەمیشە نیمچە-شارستانی نین.

**شارستانی urban**: لە ڕووی دانیشتووانەوە چڕیەکی بەرزی هەیەو لەڕووی بەکارهێنانی زەویەوە فرەچەشن و تێکەڵاوە mixed use، ناوچەیەکی شارستانی ئەکرێ بوونی هەبێت لە ناو شاردا وە لە دەرەوەی سنووری دیاریکراوی شاریشدا، ئەکرێ ڕووبەرەکەی هێندەی لادێیەک بێت، یا گەڕەکێک، شارۆچکەیەک، یاخود شارێک.

**نیمچە-شارستانی suburban**: لە شارسازی دا نیمچە-شارستانی واتای کەمتر لە شارستانی ئەگەیەنێت، چڕیەکی دانیشتووانی کەمتری هەیە و لە ڕووی بەکارهێنانی زەویشەوە چالاکیەکان لەیەکتری جیا کراونەتەوە segregated uses. لە ڕووی جوگرافیەوە دەستەواژەی نیمچە-شارستانی وەکو وەسفێک بەکاردەهێنرێت بۆ ئاماژەدان بە قەراغی شار، واتە بە هەموو ئەو نشینگانەی دەکەونە کەناری دەرەوەی شارەکان، هەرچەندە ئەگەر زۆربەشی یاخود بەشێکی کەمیشی شارستانی بێت.

**شار city**: بریتی یە لە نشینگەیەکی گەورەو ئاڵۆز کە ژمارەیەکی زۆر دانیشتووانی هەیە. ئەکرێ شار ناوچەی شارستانی و نیمچە شارستانی و تەنانەت ناوچەی لادێیش لەخۆ بگرێت. شار لەوانەیە قەوارەیەکی سیاسی فەرمی بێت یاخود نا.

**پەرتەوازەی (پەرشوبڵاوی) شارستانی urban sprawl**: لە ڕاستیدا ئەمە ناونانێکی هەڵەیەو ئەبووایە دەستەواژەکە بە suburban sprawl ناوزەد بکرێت. چونکە ئێربەنیزم بە سروشتی حاڵ چڕوپڕ و بەیەکداچوو و تۆکمە و کەڵەکەبووە، سیفەتی پەرشوبڵاوی سیفەتی نیمچە شارستانی یە.



یازدە لادێی شارستانی
یاخود بە ڕواڵەت شارستانی




لۆگۆی
حوکمەتی شار




چەند ناوچەیەکی
هەڵگری تایبەتمەندی
نیمچە شارستانی





قەراغ شاری
جوگرافی بۆستن

شاری نیوتن، ماسەچوسێتس

٧

## ئێربەن دیزاین تەلارسازی نیە.

گومان لەوەدا نیە تەلارسازی بیناکان کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ئێربەن دیزاین و بە پێچەوانەشەوە، بەڵام ئێربەن دیزاین بریتی نیە لە دیزاینکردنی کۆمەڵێک بینا پێکەوە. بەڵکو بریتی یە لە دیزاینکردنی بواری گشتی public realm، کە لەنێوان چەندین شتی دیکەدا هاوکات پەیوەندی نێوان بیناکانیش دەگرێتەوە. ئێربەن دیزاین بەهۆی چەندین بواری جیاوازەوە لە قاڵب ئەدرێت لەناویاندا تەلارسازی، سیاسەتی گشتی، زانستی ڕەفتارناسی و هەڵسوکەوتی مرۆیی، کۆمەڵناسی، ژینگەناسی، تەلارسازی لاندسکێپ، پلانینگی شار، هەروەها بواری ئەندازیاری.




ئێربەن دیزاین
تەلارسازی لاندسکێپ
پلانینگ
تەلارسازی


٨

# ڕێز لە دیواری شەقام (streetwall) بگرە.

زۆربـەی بینـا شارسـتانییەکان پێویسـتە ببنـە **دیـواری شـەقام** (streetwall buildings)و، ڕووی پێشـەوەیان بـە نزیـک و بـە درێژایـی شۆسـتەکان دا درێـژ بێتـەوە بەشـێوەیەکی نەبڕاوەو بـەردەوام یاخـود نیمچە بـەردەوام. ئەمـە وا ئـەکات بۆشـایی شـەقامەکە شێوەیەکی هاوڕێـک و یـەک نەوایـی وەربگرێت و نهۆمی زەمینی بیناکانیش کە بەکارهێنان (use)ی جۆراوجۆریان لەخۆگرتووە، لە کەسانی پیادە (pedestrian) زیاتـر نزیـک بکاتـەوە. لـەو شـەقامانەدا کـە زیاتـر ئاسـوودەن و هاتووچۆکـردن بـە سەریاندا ئاسانترە، ئەوا دیواری شەقام بە نزیکەیی ٥٠% یان هەندێک جار ١٠٠%ی ڕووی پێشەوەی هەر بلۆکێک پێکدەهێنێت.


**بینـا تەنیـەکان** (object buildings) ئـەو بینایانـەن کـە بـە بۆشـایی کـراوە دەورە دراون. لـە کاتێکـدا ئێمـە تەنهـا یـەک لا یاخـود لەوانەیـە دوو لای بینایەکـی شـەقامەدیوار ببینیـن، ئـەوا ئەتوانیـن بـە دەوری بینـای ئۆبجێکتـدا هامووشـۆ بکەیـن و وەکـو تەنێکـی سـێ ڕەهەنـدی ببینیـن و لـە هەمـوو لایەکانیـەوە لێـی بڕوانیـن. بینـای ئۆبجێکـت هەمیشـە وا دیزایـن ئەکرێـن تـا جیاواز دەرکـەون لەنـاو ئـەو بوارەی (context) کە تیایدا دائەنرێن، ئەمەش بە چەندین ڕێگا بەدی ئەهێنرێت بۆ نموونە بیناکە لە دیـواری شـەقام بـەرەو دواوە بکشـێنرێتەوە، یا لەسـەر ئاسـتی زەوی بـەرز بکرێتـەوە، یاخـود فۆڕمێکـی پـێ ببەخشرێت جیاواز بێـت لەگەڵ شێوازی ئەندازەیی بیناکانی چواردەوریدا.





Object-in-space block

بلۆکێک لەشێوەی تەنی وەستاو لەناو بۆشاییدا



Streetwall blocks

بلۆکەکانی دیواری شەقام


Hybrid block

بلۆکی دووتوخمی

٩

## شاریش وەکو پارچە کوتاڵێک بچنە.

کوتاڵی چنراو textile fabric دروست ئەکرێ بەهۆی ڕستن و چینی چەندین تاکی داوەبەن پێکەوە بۆ پێکهێنانی پارچەیەکی گەورەتر. ئەو کوتاڵەی دروست ئەبێت ئەگەر لە دوورەوە لێی بڕوانین وەکو یەک پارچەو یەک پێکهاتەی چونیەک دێتە بەرچاومان، بەڵام ئەگەر لە نزیکەوە بە وردی سەرنجی لێ بدەین، چەندین وردەکاری جیاواز ئەبینین: لە ئەستووری داوەبەنەکان و ڕەنگ و بۆشایی نێوانیان، لە دروستبوونی گرێ و بەجێمانی کەلێن و هەڵەی دیکەی ڕستن، لە ئاڕاستەی دروومان و ئاڕاستەی نەخشەو پاتێرنەکان.
جلێکی جوان و سوودبەخش هەمیشە کۆمەڵێک پارچە و تایبەتمەندی هەیە وەکو: هێڵی دروومان، قۆمچە، تەقەڵ، بەرۆک، یەخە، قۆڵ، قەد، هتد. بەڵام بەبێ خۆگری و بەهێزی کوتاڵەکە هیچ یەکێک لەم تایبەتمەندییانە بوونیان نابێت، ڕاستتر بڵێین هیچ جلێک بوونی نابێت.




١٠

# شەقامەکان دیزاین بکە، نەوەک بلۆکی تەلارەکان.

پلاندانەران و دیزاینەرانی شارستانی لە سەدەی بیستدا، بەشێوەیەکی رۆتینی وەلێ بە تێگەیشتنێکی هەڵەوە، وەها لە شوێنە شارستانیەکان (urban places) تێگەیشتبوون کە بریتی بن لە کەڵەکەکردنی کۆمەڵێک بلۆکی بینا کە هەر یەکێک لەو بینایانەش تەرخان کرابێت بۆ یەک چەشنی دیاریکراوی بەکارهێنان single use. بەڵام سوود و بەرژەوەندی سەرەکی ئەو کەسانەی لە شوێنە شارستانیەکان دا نیشتەجێ ئەبن خۆی لە شەقامەکاندا ئەبینێتەوە. تێکڕای خاوەن کارەکان و خاوەن ماڵەکان و کەسانی پیادەش حەزەکەن ئەو شەقامانەی بەسەریاندا گوزەر ئەکەن بە هەر ئاڕاستەیەکدا بن، خاوەنی سیفەتگەلێکی وەکو بەردەوامی و یەکگرتوویی بن. کەسیان سوود لەوە نابینین هەر سێ لای دیکەی بلۆکی بینا هەمان مەبەست و ئیشیان هەبێت بە هەمان چەشنی ئەو لایەی کە خۆیان کەوتوونەتە سەری.




Block prioritization
پێشینەدان بە بلۆک





Street prioritization
پێشینەدان بە شەقام

١١

## جاده لە ڕەسیفەوە بۆ ڕەسیف نیە.

شەقام بریتی نیە لە ڕوویەکی دوو ڕەهەندی کە ئۆتۆمبێلەکانی بەسەردا بڕۆن، بەڵکو بریتی یە لە بۆشاییەکی سێ ڕەهەندی کە درێژ ئەبێتەوە لە ڕووخساری بیناکان لە لایەکەوە بۆ ڕووخساری بیناکانی بەرامبەریان. لەوانەیە مەودای بایەخپێدانی ئێربەن دیزاینەر لەو کەوشەنە زیاتریش درێژبێتەوە بەرەو ناوەوەی بیناکان.



تێگەیشتنی باو
بۆ شەقام
تێگەیشتنی ئێربەن دیزاینەر بۆ شەقام

# ١٢

## بلۆکی بچووکی بیناکان زیاتر بەخێرهێنن.

خەڵک ئاسانتر ئەتوانن بە دەوری بلۆکە کورتەکان دا هامووشۆ بکەن، هەروەها ڕێگاکانی گەڕانیشیان بۆ کورتر ئەبێتەوە. لەو شوێنە شارستانیانەی کە تیایاندا هامووشۆکردن یەکجار ئاسانە walkable urban places، ئەوا بەلای کەمەوە درێژی یەک لای بلۆکەکان پێویستە کەمتر بێت لە ٢٧٥ پێ (٨٤م)، ئەمەش دوورییەکە کەسی ئاسایی ئەتوانێ بە یەک خولەک بیبڕێت. ئەگونجێ لایەکانی دیکەی بلۆکەکە درێژتر بن، بەڵام هیچ لایەک نابێت لە ٦٠٠ پێ (١٨٣م) درێژتر بێت، ئەگەر هاتوو درێژتربوو ئەوا پێویستە بشکێنرێت بە قەدبڕێک لە ناوەندی بلۆکەکەوە، وەکو کردنەوەی کورتەڕێیەک بەناویدا، یاخود دانانی لۆبیەکی دوو دەری، یاخود دروستکردنی پارکێکی بچووکی قەدبڕ.

بلۆکی کورت دەبێتەهۆی دروستکردنی یەکتربڕ(intersection)ی زۆر، ئەمەش وا ئەکات ئەو بیزنسانەی لەم بلۆکانەدا هەن بە ئاسانی دیاربن لە هەموو لایەکەوە. بلۆکی درێژتر کەشێکی هێمنتر و خامۆشتر دێنێتە کایەوە، ئەمەش وا ئەکات زیانبەخش بێت بۆ ئەو بیزنسانەی ئەکەونە ناوەڕاستی بلۆکەکەوە. بەڵام ئەشێ بلۆکی درێژ سوودێکی زۆر بە دانیشتووان بگەیەنێت بە تایبەتی لە شارە گەورەکاندا. بۆ نموونە درێژی لەڕادەبەدەری ئەو شەقامانەی مانهاتن کە لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا ئەڕۆن، دەبنە هۆی دابڕینی بەشەکانی ناوەوە لە هاژەو ژاوەژاوی شەقامە بازرگانیەکان کە کەوتوونەتە سەر لای کورتی بلۆکەکانەوە لە باکوورەوە بۆ باشوور.





سایزی ئاسایی بلۆکەکان، لە سەنتەرڵاینی شەقامەوە بۆ سەنتەرڵاینی شەقام،
لەگەڵ کۆڵانی نێوان بلۆکەکان ئەگەر بوونی هەبێت

## ١٣

# ئەگەر هەموو بینایەک لاندمارک بێت، ئەوا لاندمارک بوونی نابێت.

بینـا ئۆبجێکتـەکان شایسـتەی ئـەوەن هەڵاوێـرد بکرێـن و بایەخێکـی تایبەتیـان پـێ بدرێـت. پێویستە بینای ئۆبجێکت تایبەت بکرێت بە جۆری دیاریکراوی بینا کە خاوەنی پێگەیەکی تایبەتـی و گرینـگ بـن وەکـو بینـای دامـەزراوە کەلتـوری و هونەریـەکان. ئەگـەر لـە هـەر ناوچەیەکـدا بینـا ئۆبجێکتـەکان شـێوەیەکی سـوننەتی و نەریتـی وەربگـرن وەک لـەوەی کـە دەگمـەن و دانسـقە بـن، ئـەوا دەبنـە هـۆی زیادبوونـی بۆشـایی کـراوە open space بەمەش قابیلیەتی ناوچەکە بۆ هامووشۆ و نیشتەجێ بوون کەمتر دەبێتەوە.



**مۆزەخانەی هونەری میلواکی**
تەلارساز سانتیاگۆ کالەتراڤا


١٤

# شەقامی نیمچە شارستانی کۆکەرەوەن، شەقامی شارستانی پێکگەیەنەرن.


## Suburban streets collect. Urban streets interconnect

تۆڕی ئەو شەقامانەی نیمچە شارستانین هەمیشە پلەبەندن hierarchical. هەر یەکێک لە شەقامەکان هاتووچۆ کۆئەکاتەوەو بەرەو شەقامێکی گەورەتر و سەرەکیتر لەخۆی ئاڕاستەی ئەکات. بۆ نموونە شەقامێکی سەرداخراو cul-de-sac لە ناوچەیەکی نیشتەجێبووندا، وا دروستکراوە تەنها لەلایەن دانیشتووان و مێوانانەوە بەکاربهێنرێت. ئەم شەقامە خۆی ئەگەیەنێتە سەر پێچە شەقامێکی دیکەی گەڕەکەوە، ئەویش خۆی بە شەقامێکی لۆکاڵی پلە سێ وە ئەبەستێتەوە، پاشان ئەویش بە شەقامێکی دیکەی لاوەکیەوە، ئینجا ئەویش بە شەقامێکی سەرەکی فرە لەینەوە، ئینجا ئەویش خۆی ئەبەستێتەوە بە شەقامێکی خێراوە.

شەقامە شارستانیەکان کەمتر پلەبەندیان هەیەو بەگشتی تێکەڵ و بەیەکداچوون. هەر شەقامێک بگریت بە کۆمەڵێک شەقامی دیکەوە بەستراوەتەوە، ئەمەش وا ئەکات لە هەر خاڵێکەوە بە ئاسانی بتوانی بگەیتە هەر خاڵێکی دیکەی ناو سیستەم لەڕێگای گرتنە بەری چەندین شەقامی جوداوە. تەنانەت ئەو شەقامانەشی کە تایبەتن بە ناوچەکانی نیشتەجێبوون ئەکرێ بۆ تێپەڕاندنی هاتووچۆ بەکاربهێنرێن، ئەمەش وا ئەکات بارەکە لەسەر تەواوی سیستەم سووک بکەن و کارلێکی کۆمەڵایەتیش زیاد بکەن.



نیمچه شارستانی
Suburban




شارستانی
Urban

**١٥**

# دانیشتووانی ناوچەیەکی نیمچە شارستانی بەشێوەی ستوونی هاموشۆ ئەکەن. دانیشتووانی ناوچەیەکی شارستانی بە شێوەی ئاسۆیی هاموشۆ ئەکەن.

زەویە نیمچە شارستانیەکان بەگوێرەی مەبەست بۆ بەکارهێنانی جیاواز دابەشکراون لەبری کەڵەکەکردنی چالاکیەکان لە یەک شوێندا، لەبەرەوە بۆ هەموو هاموشۆیەک لەو ناوچەیەدا دانیشتووان ئەتوانن لە یەک کاتدا تەنها بەرەوە یەک ئامانج بڕۆن، ئەمەش وا ئەکات ئەزموونی نیمچە شارستانی (suburban experience) ئەزموونێکی هەڵبڕێر و پچڕپچڕ و تاک ئامانجی بێت. گەشتی نێوان ئامانجە جیاوازەکان لە ڕاستیدا هیچ بایەخێکی ئەزموونی نیە. لەبەر ئەم هۆکارەشە کاتێ دانیشتووانی ناوچەیەکی نیمچە شارستانی بۆ بازاڕکردن ئەڕۆنە مارکێتێک، زۆربەی جار ئەو دووریەی ئەیبڕن تەنها ڕێگای نێوان دەرگای ئۆتۆمبێلەکەیان و دەرگای پێشەوەی مارکێتەکەیە. ئەگەر بیانەوێ ڕووبکەنە مارکێتێکی تر ئەوا پێویستە بگەڕێنەوە بۆ ئۆتۆمبێلکەیان و کەمێکی تر بڕۆن ئینجا هەمان ئەو پڕۆسەیە دووبار بکەنەوە بەرەو ئامانجی داهاتوو.

ئەزموونی شارستانی (urban experience) ئاڕاستەیەکی پێچاوپێچی هەیەو هەمیشە بەردەوام و پڕ لە ڕێکەوتە. بە واتایەکی تر هەموو شتەکان پێکەوەو لەیەک کاتدا ڕووئەدەن، وەک لەوەی هەر جارەو یەکێکیان بەجیا ڕووبدات. ئەگەر هاتوو کەسێک بەناو جێگایەکی شارستانی (urban setting) دا بڕوات و ئامانجێکیشی لە خەیاڵی خۆی دانابێت تا پێی بگات، ئەوا گەشتەکەی بەرەو ئامانجەکە دەوڵەمەند و هەمەجۆر و پڕ لە کارلێک دەبێت.


BEST
BUY



## ١٦

”ئێربەنیزم ئەوکاتە ئیش ئەکات و سوودبەخش ئەبێت
ئەگەر هاتوو گەشتێک دروست بکات کە هێندەی
گەیشتن بە خودی ئامانجەکە باش و چێژبەخش بێت.“


- پاوڵ گۆڵدبێرگەر




**١٧**

## لای کورتی زەویەکان و بیناکان بخەرە سەر شەقام.


لەسەر ئەو شەقامانەی کە ئاسانن بۆ هاتووچۆ، پانی بیناکان و زەویەکان کە ئەکەونە سەر ئەم شەقامە بە زۆری لە ٢٠ پێ کەمترن. ئەمە وا ئەکات کەسانی پیادە لە مەودایەکی کورتدا ئەزموونی چەندین دەرفەتی جیاواز بکەن. کەسێک لە یەک کاتدا ئەتوانێ بە بەردەمی ٥ بینادا بڕوات کە پانیەکەیان ٢٠پێ یە لە هەمان ئەو کاتەدا کە بە بەردەمی بینایەکی ١٠٠ پێیدا ئەڕوات. بەدرێژایی ڕێگاکە، کەسی پیادە لەوانەیە پێنج جۆری جیاوازی ئەزموون تاقی بکاتەوە، پشتگیری لە ٥ جۆری جیاوازی بیزنس بکات لە ڕێگای بازارکردنەوە، یاخود ٥ جۆری جیاوازی دراوسێ بناسێت.




نەریتی نیمچەشارستانی
suburban norm



نەریتی شارستانی
urban norm





زیادکردن(adaptation)ی
بینایەکی گەورە


۱۸

# زۆربەی بیناکان بە شێوەیەکی شریتی (strip) دروست بکە و پانیەکەشیان با ٦٠ پێ بێت.

ئەگەر یەک بلۆکی ٤٠٠ x ٤٠٠ پێ بە تەواوی بکرێتە یەک بیناو یەک بارستە، ئەوا هەندێ لە بەکارهێنەرانی بیناکە ٢٠٠ پێ لە هەواو ڕووناکی سروشتی بەدوور ئەبن، کە ئەمەش دووریەکی تەندروست و پەسندکراو نیە. جگە لەمەش ناچار ئەبین چەندین ڕێڕەو (corridor)ی سەرلێشوێنەر لەناو بیناکە دروست بکەین تاوەکو ڕێگامان بۆ بکەنەوە بۆ گەیشتن بەو بۆشاییانەی کەوتوونەتە بەشی هەرە ناوەوەی بیناکە.
زۆربەی هەرە زۆری بینا شارستانیە گەورەکان پێویستە پانیەکەیان لە ٥٥ بۆ ٦٥ پێ زیاتر نەبێت، ئەم دووری یە دابەش دەبێت بۆ ڕێڕەوێک کە بە ناوەڕاستدا دەڕوات و لە هەردوو لایەوە بۆشاییەکانی سپەیس پرۆگرام ڕیز دەکرێن، وەکو: یەکەی نیشتەجێ بوون، ژوورەکانی هۆتێل، پۆلەکانی خوێندن، ژوورەکانی نەخۆشخانە، یاخود ئۆفیس. ئەم دووریە بۆ بابەتی پارکینگیش سوودبەخش و کرداری یە ئەگەر هاتوو خرایە سەر نهۆمەکانی دیکەی هەمان بینا.




شێوازی نموونەیی (prototype)




زیادکردنەکان (adaptations)

**١٩**

## خانووی ئاسایی نیشتەجێبوون لە شارەکان دا پێویستە لە سێ ژوور قوڵتر نەبێت.

خانووەکانی نیشتەجێبوون لە شاردا کە بە تەنیشت یەکەوە ڕیزکراون، بە نزیکەیی هەمیشە لە سێ ژووری دوابەدوای یەک پێکهاتوون لە پێشەوە بۆ دواوەی خانووەکە. ئەم جۆرە ڕێکخستنە دڵنیاییمان ئەداتێ کە بۆشایی ناوەڕاست تەنها یەک بۆشایی لە هەواو ڕوناکی سروشتیەوە دوور ئەبێت، زۆرجار ژوورەکانی دواوە بەرتەسکتر ئەکرێنەوە لە ژوورەکانی پێشەوە تاوەکو بتوانرێت هەواو ڕووناکی سروشتی ڕاستەوخۆ بێنە ناو بۆشایی ناوەڕاستەوە.



کشانەوە (step-back) ڕێگای
ڕووناک بوونەوەی ژوورەکانی
ناوەڕاست ئەدات
٣٢ پێ - ٤٠ پێ
پانی نموونەیی
ئەو یەکەیەی ئەکەوێتە
سووچەوە (corner unit)
پیویستی بە ڕێکخستنێکی
تایبەتی و ناوازە هەیە
١٨ پێ (بەلای کەمەوە)
پانی نموونەیی

٢٠

# زۆر وێنە بکێشە، ئەگەر بە کوالیتیەکی خراپیش بێت.

باشترە کە جەوهەری بیرۆکەکەت بە ڕەسمێکی خێراو خراپەوە دەربڕی وەک لەوەی چاوەڕێ بکەی هەتا کاتت ئەبێت بە جوانی و بەتەواوی بیرۆکەکەت بە وێنەکێشان بەرجەستە بکەی. سکێچ کردن ئامرازێکە بۆ گفتوگۆ کردن نەوەک وەڵامی کۆتایی بێت. ئەو سکێچەی کردووتە پێت ئەڵێت "من ئێستا وەها بیر ئەکەمەوەو خەیاڵم بەرەو ئەو بیرۆکەیە ئەڕوات" یاخود "ئەمە ئەو شتەیە کە ئێستا پێی گەیشتووم."


هەموو کاتێک ڕەسمی بیرۆکەکەت بکێشە تەنانەت ئەگەر هاتوو دڵنیاش نەبیت لەو بیرۆکەیەی کە ئەتەوێ دەریببڕی. ئێستا بیرۆکەکەت بە سکێچێکی خراپ ڕەسم کە تا ببینی کە چیت پێ ئەڵێت و ڕاوبۆچوونی کەسانی دیکەش وەربگرە ئینجا دواتر کە کاتت هەبوو بەجوانی ڕەسمی بکە. لە هەمان کاتدا سکێچێکی خێراو سەرپێیی هەموو ئەو بیرۆکانەی تریش بکە کە بە خەیاڵت دادێن تەنها دەق مەگرە لەسەر یەک بیرۆکە. ئەمە وا ئەکات کاتت بەفیڕۆ نەڕوات لە کێشانی وێنەی بیرۆکەکانت بە ڕێکی و جوانی کە لەوانەیە دواتر تێیانپەڕێنیت و بە کەڵکت نەیەن تەنانەت بەرلەوەی کێشانەکەیان تەواو بکەیت.





سکێچی پڕۆژەی Ville Radieuse، تەلارساز لی کۆربوزیە

# چۆن دیمەنێکی پێرسپێکتیڤی یەک خاڵی شەقامێک بکێشین (one-point perspective):


١. لاکێشەیەک بکێشە هاورێژە بێت لەگەڵ پانەبڕگەی شەقام دا. ئەگەر پانی شەقامێک لە ڕووی بینایەکەوە بۆ ڕووی بینای بەرامبەری ٦٠ پێ بێت و بەرزی بیناکانیش ٣٠ پێ بێت، ئەوا لاکێشەیەک بکێشە بەشێوەی ئاسۆیی بەڕێژەی ٦٠:٣٠ (واتە ١ بۆ ٢)
٢. شوێنی هێڵی ئاسۆیی (HL) دیاری بکە، کە بەرزی چاوی تۆیە لەسەر ئاستی ڕووی زەوی، ئەگەر بالآت ٦'٥" بێت مانای وایە کە چاوت ٥ پێ بەرزە، یاخود ٦\١١ی بەرزی لاکێشەکە.
٣. خاڵی نەمان (VP) لەسەر هێڵی ئاسۆیی دیاری بکە. ئەگەر دیمەنی پێرسپێکتیڤی لە دەستە ڕاستەوە بەرەو شەقام وەربگیرێت، ئەوا خاڵی نەمان لە نزیکی لای ڕاستی لاکێشەکە دائەنرێت، ئەگەر دیمەنەکە لە ناوەڕاستەوە وەرگیرێت، ئەوا خاڵی نەمان دەکەوێتە ناوەڕاستی هێڵی ئاسۆیی.
٤. لە خاڵی نەمانەوە ڕاستەهێڵ بکێشە بەرەو گۆشەکانی لاکێشەکە. ئەم ڕاستەهێڵانە دواتر چێوەی خوارەوەو سەرەوەی بیناکان دیاری ئەکەن.
٥. کێربی شەقامەکان و بیناکان و ئیلەمێنتە سەرەکیەکانی تر دیاری بکە. ئەگەر تۆ لە واقیعدا بیت و ڕەسمی جادەکە وەکو خۆی بکێشیتەوە، ئەوا پێنووسەکەت وەکو یەکەیەکی پێوانە کردن بەکاربهێنە لەڕێگای چاوەوە.
٦. بۆ کێشانی فیگەری مرۆڤێک کە بەرزیەکەی هێندەی بەرزی خۆت بێت، ئەوا وێنەی کەللەیەکی سەر بکێشە لەسەر هێڵی ئاسۆیی، پاشان وێنەی تەواوی لەشی بکێشە هاوڕێژە بێت لەگەڵ سەری فیگەرەکەدا. بە گشتی درێژی هەر مرۆڤێک ٧.٥ هێندەی درێژی کەللە سەریەتی.


لە ڕووی بیناوە بۆ
ڕووی بینا
بەرزی ئاسایی بینا
average height
VP
HL

١،٢،٣،٤



٥



٦



٢٢

## هاوڵاتیان ئاسایشی شەقامەکان ئەپارێزن، نەوەک پۆلیس.

هەتا بۆشاییەک زیاتر لەلایەن خەڵکەوە بەکاربهێنرێت، هەتا بەرژەوەندیەکانی خەڵکیش لەو بۆشاییەدا زیاتر فرەچەشن بن و، بۆشاییەکە بۆ مەبەستی جیاواز لەلایەن خەڵکی جیاوازەوە بەکارهێنرێت، ئەوا زیاتر سەلامەت ئەبێت.


هەر بۆشاییەک کە دروستی ئەکەی یاخود پێشنیاری دروستکردنی ئەکەی بە کۆمەڵێک تاقیکردنەوە هەڵیسەنگێنە تاوەکو هەموو لایەنێکی ئەو بۆشاییەت بەلای خەڵکەوە بۆ ڕوون بێتەوە. پێشنیاری هەر بۆشاییەکت کرد ئەوا تاقیکردنەوەی بەکارهێنان(Use Test)ی بۆ بکە تاوەکو بۆت دەرکەوێت کە ئایا ئەو بۆشاییە چەندین هۆکار ئەبەخشێت بە خەڵک تاوەکو بەکاری بهێنن. تاقیکردنەوەی کات(Timeline Test)ی بۆ بکە تاوەکو بۆت دەرکەوێت کە ئاخۆ خەڵک بە درێژایی ڕۆژ و حەفتە بەکاری ئەهێنن. تاقیکردنەوەی تەمەن(Age Test)ی بۆ بکە ئاخۆ بۆ گەنج و پیر هەردووکیان وەکو یەک گرینگی هەیەو هەردووکیان بەکاری ئەهێنن، تاقیکردنەوەی نیشتەجێ-مێوان(Native-Visitor Test)ی بۆ بکە تاوەکو بۆت دەرکەوێت کە ئایا بە چ شێوەیەک لەلایەن کەسانی لۆکاڵی و سەردانیکەران بەکاردەهێنرێت. تاقیکردنەوەی ڕێگا – جێی مەبەست (Path-Destination Test) بەکاربهێنە بۆ دیارکردنی ئەوەی کە ئایا خەڵک هەر لەخۆیانەوە بەناو ئەو بۆشاییەدا تێپەڕ ئەبن بۆ گەیشتن بە جێگایەکی دیکەی مەبەست لەناو هەمان گەڕەک. تاقیکردنەوەی دانیشتن - هەستان - خۆ چەماندنەو (Sit-Stand-Lean Test) بەکاربهێنە تاوەکو بۆت دەرکەوێت کە ئایا فۆڕمەکان و لێوارەکانیان ڕێگا بە بۆشاییەکە ئەدەن بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەکاربهێنرێت. تاقیکردنەوەی سێبەر- خۆر (Sun-Shade Test) بەکاربهێنە تاوەکو بۆت دەرکەوێت بۆشاییەکە تاچ ڕادەیەک دەرفەتی خۆدانە بەر هەتاو ئەڕەخسێنیت بەدرێژایی ساڵ. تاقیکردنەوەی دراوسێی فزوڵ (Nosy Neighbor Test) بەکاربهێنە هەتا بۆت دەرکەوێت کە ئاخۆ دانیشتووان بە ئاسانی ئەتوانن لە ماڵەکانیانەوە، بە تایبەتی نهۆمی یەکەم و دووەم، بەسەر ئەو ڕووداوانەدا بڕوانن کە لەناو بۆشاییەکەدا ڕووئەدەن. هەر بۆشاییەکی گشتی لە تاقیکردنەوەی کۆتایی دەربچێت ئەوا سەلامەترین بۆشایی ئەبێت.



٢٣

## لە نهۆمی چوارەمەوە هەستی ناسینەوەی سەر شەقام لەدەست ئەدەین.

لـە نهۆمـی دووەمـەوە ئەتوانیـن گوێمـان لـە دەنگـی خەڵکـی سـەر شۆسـتەکان بێـت و ڕوخسـاریان بناسـینەوەو تەنانـەت گفتۆگـۆش بکەیـن لەگەڵیانـدا. لـە نهۆمـی سـێیەمەوە کارلێـک لەگـەڵ خەڵکـی سـەر شـەقامەکاندا زۆر گـران ئەبێـت. لـە نهۆمـی چوارەمـەوە زیاتـر دیمەنـی گشـتی گـەڕەک و کۆڵانەکانمان لێـوە دیار ئەبێـت. هەتاوەکو زیاتر بـەرز بینـەوە، ئـەوا بەرەبـەرە کۆنتێکسـتێکی فراوانتـر ئەبینیـن، لـە گـەڕەک و کۆڵانـەوە ئەبێتـە سکایلاین، دواتـر دیمەنەکانی لاندسکێپی سروشتی، پاشان ئاسۆ، ئینجا ئاسمان.


١٠ پێ - ١٣ پێ بە گشتی،
لە زەمینی نهۆمەوە بۆ
زەمینی نهۆم
(floor to floor)
ئەم نهۆمە بە گشتی
بەرزترە لە قاتەکانی
سەرووتر


٢٤

## هەمان چڕی، بەڵام ئاکامی جیاواز.


لە ساڵی ١٩٧٢ دا تەلارساز ئۆسکار نیومان هەستا بە بەراوردکردنی ڕێژەی تاوانەکان لە دوو پڕۆژەی نیشتەجێبوونی جیاوازدا بە ناوەکانی ڤان دایک و براونزڤیلّ لە شاری نیویۆرک. هەردوو پڕۆژەکە کەوتبوونە سەر هەردوولای شەقامێک لە بەرامبەری یەکتری داو ڕێژەی دانیشتووان و چڕی دانیشتووان تیایاندا هاوشێوە بوون. بەڵام پڕۆژەی براونزڤیل ڕێژەیەکی کەمتری تاوانی هەبوو. نیومان هۆکاری ئەمەی گێڕایەوە بۆ هەبوونی باڵەخانەی بەرز high rise لە پڕۆژەکەی ڤان دایکدا.

نیومان ڕای وابوو دیزاینی بیناکانی براونزڤیل بەشێوەیەکی نزم low rise هانی دروستبوونی پاوانخوازی و دەرەبەگایەتی (territorialism)ی تەندروست ئەدات، بەو واتایەی وا لە دانیشتووان ئەکات ناوچە گشتیەکان وەکو بەشێک لە ماڵی خۆیان سەیرکەن و بیانپارێزن. نیومان داوای کرد لە پڕۆژەکان دا تایبەتمەندی دیزاینی وا بەکاربهێنرێت کە ئەو ناوچەیە فراوانتر بکات کە دانیشتووان هەستی بەرپرسیاریەتیان بۆی هەیە. دەروازە و پەنجەرەکان ئەشێ بەجۆرێک دیزاین بکرێن کە بە ئاسانی هاموشۆی خەڵکیان لە دەرەوە لێوە دیار بێت. لە پڕۆژە گەورەکاندا ئەکرێ یەکەکان پێکەوە کۆبکرێنەوە لە کۆمەڵەی بچووک بچووکدا، بۆ زیادکردنی ئاشنایەتی و پێکەوە چاودێریکردنی بۆشاییە گشتیەکان.

بیردۆزی بۆشایی بەرگریلێکراو (Defensible space theory) ئێستاش بەردەوامە لە کارکردنە سەر ئێربەن دیزاین، هەرچەندە هەندێ لایەنی بیردۆزەکە پڕ هەڵەو کەموکوڕین. نیومان دواتر دانی بەوە دانا کە بایەخێکی ئەوتۆی نەدابووە بە جیاوازی دیمۆگرافی لە هەردوو پڕۆژەکەدا، وە دواتر هات و لە لێکۆڵینەوەکانی دا گرینگیەکی زیاتریشی دا بە ڕەچاوکردنی سیاسەتەکانی نیشتەجێبوون و پشتبەستن بە سیستەمی خۆشگوزەرانی welfare dependence.



**براونزڤیڵ**
باڵ(wing)ی ٦ نهۆمی و ٣ نهۆمی



**ڤان دایک**
١٣ بینای ١٤ نهۆمی، ٩ بینای ٣ نهۆمی

| براونزڤیڵ | | ڤان دایک |
|---|---|---|
| ٢٣% | ڕووبەری داپۆشراو | ١٦.٦% |
| ٢٨٧\دۆنم | چڕی دانیشتووان | ٢٨٨\دۆنم |
| ٩٧.٤% | کەمینەکان | ٩٤.٤% |
| ٥،٠٥٦$ | تێکڕای داهات | ٤،٩٩٧$ |
| ١٤٧ | ڕێژەی تاوان بۆ هەر هەزار کەسێک | ١٨٥ |

وەرگیراوە لە کتێبی "بۆشایی بەرگریلێکراو"، ئۆسکار نیومان

## ٢٥

# شار بۆ کەسانی ئاشنا و کەسانی بیانیشە.

لە بۆشایی بەرتەسک و خۆجێیی(محەلی) (parochial space) دا پەیوەندی ئاشنایەتی زۆر زاڵ و کاریگەرە. هەر دانیشتووێک خۆی بە گەڕەکەکەوە ئەناسێنیت کە تیایدا نیگەرانی و پەرۆشیە لۆکاڵیەکان زۆر جێگای بایەخن و بەرژەوەندیە گشتیەکان هاوبەشن لەگەڵ خەڵکی ئاشناو ناسراودا.

بەڵام شار هەروا پێویستە شوێنگەلێکیش دابین بکات بۆ هاوڵاتیان تاوەکو لەناویاندا لەگەڵ کەسانی نامۆ و بیانی دا تێکەڵ بن و پێکەوە وجودیان هەبێت. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستمان بە بۆشاییەکی گەورەترە کە ناودەبرێت بە بۆشایی جیهانی (cosmopolitan space). ئەم بۆشاییە زیاتر فراوان و فرەچەشنە وەک لە بۆشایی خۆجێی (محەلی). لەم بۆشاییەدا تاکەکەس ئەتوانێ بە نەناسراو یا شاراوەیی بمێنێتەوە. وە هەر لەم بۆشایەدا ئەکرێ چەندین کەس ببینین و لەگەڵیاندا بکەوینە گفتوگۆ کە لە باکگراوندی تەواو جیاواز لەوەی ئێمەوە هاتوون.



### گماینشافت
### (جڤات/ محەلی)
### (community / parochial)

شیرازەی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای ئاشنایەتی و خۆبەخۆیی و متمانەی جێگیرە، وەک ئەوەی کە لە شارە نەریتیە بچووکەکاندا بەدی ئەکرێت




### گزێلشافت
### (کۆمەڵگە/ جیهانی)
### (society / cosmopolitan)

شیرازەی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی عەقڵانی و دیاریکردنی ماف و بەرپرسیاریەتیە

# ژیانی ئاسایی بێزارکەر نیە.

ڕاستترین و تەواوترین کەلتوری شار لە هەندێ بۆنەی تایبەتی دا بەدیار ناکەوێت، بەڵکو لە ژیانی سەر شەقامەکاندا خۆی ئەنوێنێت، لە ژاوەژاوی چالاکیەکانی ڕۆژانەدا کە زیندوویەتی ئەبەخشن بە گەڕەک و شەقامەکان.
ژیانی شەقام street life پڕۆسەیەکی ڕاستەهێڵی نیە، واتە دروست ناکرێت لە ئاکامی هەوڵدان بۆ دروستکردنی ژیانی شەقام، بەڵکو دیاردەیەکی لاوەکی یە کە هەر خۆی لە ئەنجامی کاروچالاکی و جموجۆڵی ڕۆژانەی خەڵکەوە دێتەکایەوە. دانیشتووانی شار، وەکو پیادەڕۆیەک، بەردەوام جموجۆڵ دروستەکەن کاتێک منداڵەکانیان ئەبەن بۆ قوتابخانە، بەرەو ترانزێت ئەڕۆن، ئەڕۆن بۆ ئیش، ئەڕۆن بۆ بازاڕکردن، وە سەردانی کتێبخانە ئەکەن. ئەم چالاکیانە هانی کەسانی دیکەش ئەدەن کە بکەونە جوڵەو بە ناوچەکەدا بگەڕێن ئەگەر تەنها بۆ کات بەسەر بردنیش بێت. لەمەوە بۆمان دەرەکەوێت کە ژیانی سەر شەقام بریتی نیە لە "ژیانی شەقام" بەڵکو برتی یە لە "ژیانی ئاسایی" کە لەلایەن خەڵکەوە دروست ئەکرێت لە بەرەنجامی چالاکیەکانەوە.
لە کاتی گەڵاڵەکردنی هەر پڕۆگرامێکی شارستانی دا (urban program)، باوەش بۆ ئاساییبوون و هەڕەمەکیەت بکەرەوە. شوێنگەلێک دیزاین بکە کە ژیانی ئاسایی ڕۆژانە لەخۆ بگرن. ئەو کەلتورەی تەنها تیشک ئەخاتە سەر بۆنەی تایبەتی ئەوا پاداشتە چێژ بەخشەکانی تەنها بۆ یەکجار ئەبێت، بەڵام ئەو کەلتورەی تیشک ئەخاتە سەر ژیانی ئاسایی ڕۆژانە، ئەوا پاداشتەکانی ڕۆژانە ئەبێت.




جێگای یەکەم

ماڵ



جێگای دووەم

ئیش



جێگای سێیەم


جێگای پشوودان و کارلێکی کۆمەڵایەتی جیاواز لە ماڵ و لە ئیش

**وەرگیراوە لە کتێبی "جێگای باشی مەزن"، ڕەی ئۆلدنبێرگ**

٢٧

## ئەو کاتەی پارکێک لە تەنیشت خواردنگەیەک دیزاین ئەکەیت، باشتر وایە بۆ  ئەو کەسانە بێت کە خواردنگەکە بەکارئەهێنن.


بۆشاییە گشتیەکان بۆ هەموو خەڵکن. بە ووردیەوە ڕەچاوی هەموو ئەو کەسانە بکە کە لەوانەیە بەشێوەیەکی نائاگایی بیانکەیتە دەرەوە لەو بۆشاییانەی کە دیزاینیان ئەکەیت. سەرنج بدە لە هەموو هێما و نیشانەیەکی دیزاین کە لەوانەیە ئاماژە بدات بە نیەتێکی کۆمەڵایەتی خراپ و شوم، بۆ نموونە: بینایەکی نوێ ئەگەر کەمێک لە دیواری شەقام و ڕیزی بیناکانی دراوسێی بچێتە دواوە لەوانەیە ئاماژەی ئەوەبێت خاوەنەکەی یان بەکارهێنەرانی خۆیان بەلاوە گەورەتر و باڵاتر بێت لە خەڵکی لۆکاڵی چواردەوریان. ئەو پلازایەی شوێنی دانیشتنی هەیە لە تەنیشت هۆتێلێکی گرانبەهادا بەڵام هیچ شوێنێکی دانیشتنی نیە لە شوێنی وەستانی پاسەکان، لەوانەیە مانای بە کەم ڕوانین بگەیەنێت لە کەسانی چینی هەژار. هەر پارکێک کە تایبەت کرابێت بەو چالاکیانەی کە پەسندن بەلای چینێکی کۆمەڵگەوە یان تەمەنێکی دیاریکراوەوە یا نەژادێکی دیاریکراوەوە، ئەوا دەبێتە هۆی وەدەرنانی ئەوانی تر تەنانەت ئەگەر هاتوو وەها نیەت و سیاسەتێکیش بە ڕاستەوخۆیی لە ئارادا نەبێت.



٢٨


## کامە نیزامی کۆمەڵایەتی پەسندە؟

نیزامی کۆمەڵایەتی سیستەمێکی تێکئاڵاوە لە مومارەسات و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، حکومی، ئابووری، وە کەلتوری. لەوانەیە بەشێوەیەکی ئاشکرا بوونی هەبێت ( وەک لە ستاندارەکانی دەستوور یان سیاسەتە فەرمیەکانی ئابووری دا) وە بەشێوەیەکی شاراوە (وەکو مومارەسات و باوەڕە جێگیرەکان یاخود نائاگایەکانی تاکەکان و دامەزراوەکان). نیزامی کۆمەڵایەتی بۆ دەیان و بگرە سەدان ساڵ بە جێگیری ئەمێنێتەوەو ناگۆڕێت. ئەشێ گۆڕانکاری ڕووبدات لەڕێگای پێشکەوتن یاخود شۆڕشەوە. گومان لەوەدا نیە ژینگەی دەستکردیش نیزامی کۆمەڵایەتی لەخۆیدا بەرجەستە ئەکات و پەرەی پێ ئەدات – ئینجا چ نیزامی باوی کۆمەڵایەتی بێت یاخود نیزامێکی نوێی جێگرەوە.



یەک تەلاری ٤٠ نهۆمی
٦٠٠،٠٠٠ پێ چوارگۆشە

یەک خاوەنی بیانی
یەک تەلارسازی ئەستێرەی بیانی
تاکچەشنی تەلارسازی
یەک بەڵێندەری گەورەی بیانی
نیشتەجێبووان کۆمپانیا گەورەکانن
کردارەکانی چاککردنەوە لەلایەن
یەک کۆمپانیای
گەورەوە ئەنجام ئەدرێن
پشتگیری کەلتوری هەرێمی و جیهانی ئەکات
زۆربەی سوود و قازانج ئەچێتە دەرەوە
تەنها بۆ ١% ی خەڵک سوودی هەیە



٤٠ تەلاری ٤ نهۆمی
٦٠٠،٠٠٠ پێ چوارگۆشە

چەندین خاوەنی ناوخۆیی
چەندین تەلارسازی ناوخۆیی
فرەچەشنی تەلارسازی
چەندین بەڵێندەری ناوخۆیی
نیشتەجێبووان بیزنسی بچووکن
کردارەکانی چاککردنەوە لەلایەن
چەندین کۆمپانیای بچووکی
ناوخۆییەوە ئەنجام ئەدرێن
پشتگیری کەلتوری ناوخۆیی ئەکات
زۆربەی سوود و قازانج لە ناوخۆدا ئەمێنێتەوە
بۆ ٩٩%ی خەڵک سوودی هەیە

# ٢٩

”شارەکان توانستی ئەوەیان هەیە شتێک بە هەمووان ببەخشن، بەڵام لەیەک کاتدا ئەگەر هاتوو لەلایەن هەمووانەوە بونیاتنرابن.“


- جەین جەیکەبز، کتێبی ”ژیان و مەرگی شارە مەزنەکانی ئەمەریکا“



٣٠

## کونۆچکەداری = ئیمکانیەت (Porosity = possibility).

ئەگەر بۆشاییەک بە بینای کونۆچکەدار (porous building) دەورە درابێت تەنانەت ئەگەر کوالیتی تەلارسازیشیان لە ئاستێکی بەرزدا نەبێت، ئەوا بۆشاییەکە زیاتر ئومێدبەخش ئەبێت و زیاتر هانی کارلێک ئەدات.
خەسڵەتی کونۆچکەداری ئەوکاتە بەرجەستە ئەکرێت ئەگەر هاتوو لە ڕووخساری بیناکان دا کراوە(opening)ی تەواو بوونیان هەبێت هەروەها زۆنێکی ڕاگوزەری گشتی-تایبەتی هەبێت کە تیایدا ڕووداوەکان و ژیانی ناو بیناکە بەرەو بواری گشتی ئەگوازرێنەوەو ئەڕژێنە ناوی و تێکەڵی ئەبن. چالاککردنی وەها زۆنێک حەزی ئێمە پەلکێش دەکات و پێمان ئەڵێت کە دانیشتووانی ناو بیناکەش حەز بە بواری گشتی و ئێمەی ڕێبواران و کەسانی سەر شەقام ئەکەن.
ئەگەر هاتوو شەقامێک نەتوانێ ئەوەمان نیشان بدات کە چ شتێک لەپشتەوەی دیوارەکانیەتی ئەوا بەلای زۆرەوە ئێمە بەو شەقامەدا ناڕۆین. ئێمە وەها لێکی ئەدەینەوە کە ژیانی تایبەتی و ژیانی گشتی لەم شەقامەدا ئامادەی گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕ نین لەگەڵ یەکتریدا، بەمەش هەستێکی وامان لا گەڵاڵە ئەبێت کە ئەو خەڵکانەی لەوێدا نیشتەجێن لە شوێنی خۆیان داسەپاون و حەز بە ئێمە ناکەن و گومانمان لێ ئەکەن.



کونۆچکەداری شارستانی (urban porosity) بە سکێڵی جیاواز

# گریمانەیەکی هەڕەمەکی: شوشەی زیاتر مانای کراوەیی زیاتر نیە.




پەنجەرەکان کاریان ئەوەیە ئاڵوگۆڕ لەنێوان بواری تایبەتی و بواری گشتی دا دروستبکەن و پێکەوە لەگەڵ یەکتریدا بیانهێننە ووتوێژ. چ جای ئەوەی لە ناوەوە بەرەو دەرەوە بڕوانین یاخود لە دەرەوە بەرەو ناوەوە بروانین، دیمەنی بینینی کەسانی نەناسراو و ئەو چالاکیانەی بە ئێمە نائاشنان وامان لێ ئەکات بە پەرۆش بین بۆیان و لەهەمان کاتیشدا سینگفراون و لێبووردە بین سەبارەت بە نەزانراو و نائاشنا.
ئەگەر هاتوو پۆشەنی بینایەک (building clad) سەرلەبەری شوشە بوو، بە ڕووکەش وا دەرەکەوێت کە دەبێتە هۆی زیادکردنی ئەم ووتوێژە. بەڵام لە ئەزموونی ڕاستەقینەدا بینایەکی تەواو شوشەیی دەبێتە هۆی زیادکردنی هەستی جیاکاریمان. هەرکاتێک شوشە ئەوپەڕی توانای خۆی نیشاندا بۆ پێکبەستنەوەی ناوەوەو دەرەوە، ئەوا باری سەرنجدانی ئێمە ئەگۆڕێت: لەجیاتی ئەوەی لە زیهنی خۆماندا شوشە بە دیوارێکی پتەو بەراورد بکەین، دێین بەراوردی ئەکەین بەو حاڵەتەی کە شوشە هەر بوونی نەبێت. لەمەوە زیاتر بۆمان دەرەکەوێت کە شوشە قابیلی ئاڵوگۆڕکردنی نیەو، ڕێگا بە پەیوەندی ڕاستەوخۆ نادات. ناهێڵێت لەگەڵ کەسی بەرامبەر لەودیوی شوشەکە قسە بکەین، دەست لەو کەلوپەلانە بدەین کە لەودیوی شوشە خراونەتەڕوو، یاخود بۆنی ئەو خۆراکە بکەین کە لەودیوی شوشەکە هەڵگیراوە. هەروەها سەرجەمی ئەو ئەزموون و هەستانەی دیوارێکی ئاسایی بۆ ئێمەی دروست ئەکات وەکو نادیاری و شاردنەوەو پێشبینی کردن و دەرکەوتن و پاداشت، ئەوا ئێمە لێیان بێبەش ئەبین. لەجیاتی هەستکردن بە پێکبەسترانەوە، هەست بە لێکدابڕان ئەکەین.



٣٢

## ئێمە تەمەڵین.. مەگەر ئەوەی پاداشتێک لەگۆڕێدا هەبێت.

خەڵک بەگشتی ئاسانترین و سادەترین ڕێگا ئەگرنە بەر بۆ گەیشتن بە ئامانجێک، ئەمەش زۆربەی جار مانای وایە کورترین ڕێگا. ئێمە پاداشتمان ئەوێ بۆ کردنی کاری زیاتر، بۆ نموونە بۆ گرتنەبەری ڕێگایەکی دوورتر یاخود سەرکەوتن و دابەزین بەسەر قادرمەیەکدا. زۆرجار ئەرکی ئێربەن دیزاینەر بریتی یە لە هاندانی خەڵک بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە زیادەیە تاوەکو ئەزموونی خەڵک تێر و دەوڵەمەند بکات و برەویش بدات بە کارلێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری.


ICE
CREAM

٣٣

# ئەگەر ئێمە نەزانین چی لە فرۆشگاکەدا هەیە بۆ ئێمە، نارۆینە ناوی.

بەرلە چوونە ناو هەر بینایەک، پرسیارێکی سادە ڕووبەڕووی خۆمان ئەکەینەوە بەشێوەیەکی ئاگایی بێت یاخود نائاگایی: ئایا لە دەرەوە زانیاری تەواو دەربارەی خۆی ئەخاتەڕوو تا پەلکێشمان کات بۆ ناوەوە یا وامان لێبکات بە ئاسوودەییەوە بڕۆینە ناوی؟ لەوانەیە دواتر کۆمەڵێک بیر و پرسیاری دیکەش بە مێشکماندا بێن وەکو: ئەگەر شتومەکەکان بۆ فرۆشتن بن ئایا زۆر هەرزانن یاخود زۆر گران؟ لەناوەوە چی ئەگوزەرێت کە لەوانەیە سوپرایز بێت بۆمان؟ کێ لە ژوورەوەیەو ئاخۆ چی لە ئێمە چاوەڕێ ئەکەن؟ ئەگەر بڕۆینە ژوورەوەو دوای گەڕان بەناو فرۆشگاکەدا بێینە دەرەوە بەبێ ئەوەی هیچ شتێک بکڕین، ئایا ئەوان یان خۆمان تەریق ئەکەینەوە؟
ئەگەر نەتوانین وەڵامگەلێکی قایلکەر بۆ خۆمان گەڵاڵە بکەین ئەوا بێ خۆ تێکدان لایەنی سەلامەتی هەڵەبژێرین و جێگاکە بەجێدێڵین.





کتێبخانەی میدتاون سکالەر، هاریسبێرگ، پەنسلڤانیا

## چالاککردن، چالاککردن، چالاککردن.



ئـەو مۆڵـەی ئەکەوێتـە ناوچەیەکـی نیمچـە شارسـتانی ئەتوانـرێ چـالاک بکرێـت بـە دانانـی فرۆشـگای **ڕاگـرە anchors** - کـە بریتیـن لـە فرۆشـگای گـەورە - لـە هـەردوو سـەری کۆتایـی مۆڵەکـەدا. فرۆشـگای ڕاگـرە (یاخـود ڕاگیـر) بـە شـێوەیەکی سروشـتی خەڵکێکـی زۆر بـەلای خۆیدا ڕائەکێشـێت لەوانـەی کـە خەریکـی بازاڕکردنـن و، دواتـر زۆربـەی بازاڕکـەران ئـەڕۆن بـەرەو ڕاگرەکەی تریش. بەمـەش بۆشـایی گشـتی نـاو مۆڵەکـە جموجـۆڵ و زیندوویەتـی زۆری تـێ ئەکـەوێ و، زۆرێـک لـە کڕیـاران لـەو فرۆشـگا بچووکانـەش شـتومەک ئەکـڕن کـە کەوتوونەتـە نێـوان هەر دوو جەمسەرەکە.
ڕاگرەکان ئەکرێ بەکاربهێنرێن بۆ کاراکردن و چالاککردنی زۆرێک لە بۆشاییە شارستانییەکان (urban space). ئەگـەر بینایەکـی ئۆفیـس و گەراجەکـەی بکەونـە سـەر هەمـان سـایت، هەردووکیـان یـەک هێڵـی چالاکـی سـنووردار بەرهەمدەهێنـن. بـەڵام ئەگـەر هەردووکیـان بلۆکێک یان دووان دوور لەیەکتری دابنرێن، ئەوا جوڵەی پیادە لەنێوانیاندا دروست ئەبێت بـەلای کەمـەوە دووجـار لـە ڕۆژێکـدا. ئەمـەش دەبێتـە هـۆی زیادبوونـی خواسـت لەسـەر درای کلینەر، قاوەخانە، ڕێستۆرانت، دەرمانخانە و بانک. ئەمەش سوود و قازانج ئەهێنێت بـۆ بینـاکان و خەڵـک و بیزنسـە جـوداکان زۆر زیاتـر لـەوەی کـە لـە پـڕۆژە بنەڕەتییەکـدا حیسابی بۆ کرابوو.
هەمیشـە دوو وەزیفـەی گـەورە کـە پێکـەوە پەیوەسـتن ئەکـرێ وەکـو ڕاگـرە بەکاربهێنرێـن: پـڕۆژەی نیشـتەجێبوون و سـوپەرمارکێت، هۆتێـل و جێـگای بازاڕکـردن، جێـگای بۆنـەکان و جێـگای وەسـتانی ترانزێـت. بـەڵام ڕاگـرەکان هەمیشـە هێزێکـی کێشـکردنی دیاریکـراو هەیـە لەنێوانیـادا، لەبـەرەوە ئەگـەر هاتـوو دوور لەیەکتری دابنرێن، ناتوانرێ بۆشایی نێوانیـان بـە پێی پێویست و خوازراو چالاک بکرێت.




هێڵکاری ڕاگرە (anchor)، پرۆژە پێشنیاری گوندی هینگام شیپیارد


٣٥

# جیاوازی لەنێوان بەکارهێنان و چالاکی دا بکە.

**بەکارهێنان** (use) بریتی یە لە مەبەستی گشتی بینایەک، سایتێک، یان ناوچەیەک. بەکارهێنان بەهۆی کۆدەکانی بینا و یاساکانی زۆنینگ دیاری ئەکرێت و ڕێکئەخرێت، بۆ نموونە: پیشەسازی، پەروەردەو فێرکردن، نیشتەجێ بوون، دامەزراوەیی، هتد. **چالاکیەکان** (activities) بریتین لە ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە هەڵسوکەوت و کردەوەو ڕووداو کە گرێدراون بە بەکارهێنانەوە. بە ناسینەوەی چالاکیەکان، ئەتوانی سروشتێکی وا بە پڕۆژەکەت ببەخشی کە لەگەڵ ژیانی حەقیقی دا یەکبین و گونجاو بێت، بەمەش سەرکەوتنی پڕۆژەکەت مسۆگەر ئەکەیت.




**بەکارهێنان: فرۆشگا/ ڕێستۆرانت**




**چالاکیەکان**

٣٦

## جێگاکانی وەستانی ئۆتۆمبێل (parking lots) یان با زۆر گەورە بن یان زۆر بچووک.

دانانی چەندین گەراجی بچووک (کە هەریەکەیان لە ٨، ١٠، یان ٢٠ سپەیس پێکهاتبێت) بە پانتایی هەر ناوچەیەکی شاردا دەبێتە هۆی زیادبوونێکی زیاد لەپێویستی بۆشایی کراوە بەمەش قابیلیەتی هامووشۆکردن کەم ئەبێتەوەو زیاتر هانی خەڵک ئەدرێت تاوەکو بۆ هاتووچۆکردن ئۆتۆمبێل بەکاربهێنن. بەڵام دانانی یەک گەراجی گەورە لەسەر چێوەی ئەو ناوچەیەی کە زۆرترین هامووشۆی پیادەی تێدایە ئەبێتەهۆی ڕاگرتنی دەیان و سەدان ئۆتۆمبێل لەیەک شوێندا و لەهەمان کاتدا زۆربەی ناوچەکە بە پاکی و سەلامەتی جێ ئەمێنێت.

ئەکرێ چەند ڕووبەرێکی قیرتاوکراوی بچووک بەناو ناوچەکەدا درێژبکرێنەوە بەبێ تێکدانی دیمەنی شارستانی (urbanscape). حاڵەتێکی هەڵاوێردن بریتی یە لە ڕێگای ئۆتۆمبێل بۆ گەیشتنە بەر دەرگای یەکەکانی نیشتەجێبوون (driveway) کە لە بەردەمی زۆربەی ڕیزەخانووکان(row houses)دا دروستکراوە. هەر درایڤوێیەک کە لە شەقامەکە جیا ئەبێتەوە بەرەو ناوەوەی یان بەردەمی خانووەکان ئەوا بڕینێک لە شەقامەکە دروست ئەبێت و دەبێتەهۆی کەمکردنەوەی یەک سپەیسی پارکینگ لەسەر شەقامەکەدا. ئەو بەشەش کە جێ ئەمێنێت زۆرجار بەشی ئەوە ناکات تەنانەت یەک ئۆتۆمبێلیشی لێ ڕابگیرێت، ئەمەش ئەبێتەهۆی کەمبوونەوەی ژمارەی سپەیسەکانی ڕاگرتنی ئۆتۆمبێل.



'ROUND THE CLOCK PIZZA

٣٧

# ئەو لایەی بینا ئەبێتە پێشەوەی بینا کە ئۆتۆمبێلەکانی لێڕائەگیرێت.

زۆرجار شوێنی پارکینگ ئەخرێتە دواوەی بینا تاوەکو شەقامەکەی بەردەمی وا لێبکرێت دۆستی پیادە بێت (pedestrian friendly). بەڵام لەوانەیە ئەم کارە زۆربەی جار ئەنجامێکی پێچەوانە بدات بەدەستەوە. زۆرجار کاتێک خانووەکان ئەخرێنە سەر شەقامێکی نەشاز بەهەر هۆیەک بێت، ئەوا خانووەکان ڕاستەوخۆ لەڕووی پێشەوە چەسپی شەقامەکە ئەکرێن و شوێنێکی هاوبەشی پارکینگیش ئەخرێتە دواوەی خانووەکان. ئەگەرهاتوو خەڵک بەردەوام لە دەرگای دوواوە ڕۆیشتنە ناو خانووەکانیان، بەشێوەیەکی دی فاکتۆ ئەم دەرگایە ئەبێتە دەرگای پێشەوە. دەرگای پێشەوەش کە خراوەتە سەر شەقامەکە ئەبێتە دەرگای دواوە. لەم حاڵەتەدا شەقامەکە یەکسەر ناچالاک ئەبێت لەجیاتی ئەوەی زیاتر ببێتە دۆستی پیادە.

کاتێک پارکینگ ئەخرێتە دواوەی بینا بازرگانیەکان، هەموو ئەو بیزنسانەی ئەکەونە نهۆمی زەمینی تووشی زەحمەتی ئەبنەوە لە دابینکردنی گەیشتن (access) لە هەردوو دیوی پێشەوەو پشتەوەدا. ئەمەش لەوانەیە فشار بۆ سەر خاوەنکارە بچووکەکان دروستکات کە ناتوانن بەپێی پێویست چاودێری هەردوو کۆتایی سپەیسەکەیان بکەن. هەندێکیان دەرگای پێشەوە کە ڕووی لە شەقامە دائەخەن و دەرگای دواوە ئەهێڵنەوە.




لەکاتی دانانی پارکینگ لە پشتەوەی بیناکان، بە شکاندنی دیواری شەقام و شێوازی دیکە
هانی خەڵک بدە بۆ بەکارهێنانی جادە. دەروازەی بیناکەش بخەرە پێشەوە.


# چۆنیەتی سەرکەوتنی نەفەرەکان، خێرایی سیستەمی ترانزێت دیاری ئەکات.

**ترانزێتی پێگەیشتوو لە ئاستی زەویەوە Grade-accessed transit**: گواستنەوە لە ڕێگای ئۆتۆمبێل و شەمەندەفەری سوک ئەگرێتەوە. لەم سیستەمدا ڕێبواران ئەتوانن لەسەر شەقامەوە یاخود شۆستەوە سەرکەون. خێرایی ڕۆیشتن لەم سیستەمەدا هێواشەو لە هەموو بلۆکێک یان دوو بلۆکێک وەستانێک بوونی هەیە. پێویستە ڕێگایەکی تایبەتی right-of-way بۆ ئەم سیستەمە تەرخان بکرێت لە تەنیشت شەقامی ئۆتۆمبیل و ڕێگاکانی پیادەوە، لەوانەیە پانی ڕێگاکە هێندەی ئەو پانیە بێت کە پاس و ئۆتۆمبێلەکان داگیری ئەکەن، ئەمەش کاراکتەرێکی ڕۆمانتیکی ئەبەخشێتە دیمەنی گشتی شەقامەکە. ئەم جۆرە سیستەمە زیاتر لەو شوێنانەدا بەکارئەهێنرێت کە بەردەوام چڕی دانیشتووان تیایاندا بەرزەو شوێنەکانیش شێوەیەکی ڕاستەهێڵیان هەیە بۆ نموونە وەک ئەو جادە سەرەکیانەی بەکارهێنانێکی تێکەڵیان هەیە (major mixed-use avenues).

**ترانزێتی پێگەیشتوو لەسەر سەکۆوە Platform-accessed transit**: گواستنەوە لە ڕێگای شەمەندەفەری خێرا و هەندێ جاریش شەمەندەفەری سوک ئەگرێتەوە. لەم سیستەمەدا ئەبێت ڕێبواران لە وێستگەوە سەرکەون کە بەگشتی سەکۆیەکی بەرزە و ئاستی بەرزیەکەشی یەکسانە بە بەرزی بنکەی شەمەندەفەرەکە. ڕێگای تەرخانکراو right-of-way بۆ ئەم هێڵانە ئەبێ جیابکرێتەوە لە شەقامی ئۆتۆمبێل و ڕێگاکانی پیادەوە، ئەمەش ڕێگای بۆ خۆش ئەکات تا خێراتر بڕوات، وە پێویستە وێستگەکانی وەستانیش لەیەک دوور دابنرێن. لە شارە گەورەکاندا زۆرجار ڕێگای تەرخانکراو بۆ ئەم هێڵانەی ترانزێت یان ئەخرێتە ژێر زەویەوە یاخود لەسەر ئاستی زەوی بەرز ئەکرێنەوە. هەرچی ئەو هێڵانەشە کە لە ئاستی زەویدان، پێویستە لە جوڵەی ئۆتۆمبێل جودا بکرێنەوە.



سەرکەوتن لەسەر زەوی (grade-accessed)




سەرکەوتن لەسەر سەکۆ (platform-accessed)

| | | |
|---|---|---|
| وێستگە (station) | **وێستگەی وەستان** | شوێنی وەستان (stop) |
| ۲/۱ میل یان زیاتر | **دووری نێوان وێستگەکان** | ۸\۱ میل - ۲/۱ میل |
| خێراتر | **خێرایی** | هێواشتر |
| چەندین ئۆتۆمبێل | **درێژی** | ۱ یان ۲ ئۆتۆمبێل |
| ناو شار/ هەرێمی | **ناوچەی خزمەتکردن** | ناو شار/ ناوخۆیی |
| شاری گەورە یان نۆدەکان | **مۆدی گەشەسەندن** | ڕاستەهێڵی/ بەردەوام |
| نەخێر | **کۆکردنەوە لەگەڵ ئۆتۆمبێلەکان** | بەڵێ |


٣٩

## چاولێکردن نەوەک لاساییکردنەوە.


**لاساییکردنەوە** (imitation) واتە کۆپیکردنی خەسڵەتە فیزیاییە ڕووکەشەکان.
**چاولێکـردن** (emulation) بریتـی یـە لـە وەرگرتنـی ئیلهامێکـی قـوڵ. هەمـوو دیزاینەرێـک ئەتوانـێ چـاو لـە دیزاینەرێکـی تـر بکاتـەوە بـەڵام شـتێک بەرهـەم بهێنێـت کـە بـە هیـچ شێوەیەک لە ئیشی دیزاینەری یەکەم نەچێت.





هاوڕێژە/ پێوەر
(proportion/ scale)




ڕەنگ




ڕووچن (texture)



سایز

**لەناو بوارە مێژووییەکان (historic context) دا، تیشک بخەرە سەر**
**کوالیتیە فیزیاییە سەرەکیەکان، نەوەک ستایلەکان**

٤٠


# ”تۆ ناتەوێ لە پاڵەوانەکانت بچیت، ئەتەوێ وەکو پاڵەوانەکانت ببینیت.“

- ئۆستن کلیۆن، کتێبی ”وەکو هونەرمەندێک دزی بکە: ١٠ شت کە هیچ کەس پێیان نەوتی دەربارەی بوونە داهێنەر.“




# سایت تەخت نیە.


ئەو سایتەی تەخت دەرەکەوێت زۆرجار چەند پێیەک گۆڕانکاری هەیە لە ئێلەڤەیشنیدا. مامەڵەکردن لەگەڵ جیاوازی ئاستەکانی زەویدا لەوانەیە زۆر بێزارکەر بێت بەڵام ئەگەر بە لێزانی سوودیان لێوەربگیرێت، ئەکرێ یارمەتیدەر بن لە وەخۆگرتنی خەسڵەتە لۆکاڵیە سەرنجڕاکێشەکان لە پڕۆژەکەدا، یاخود تەنانەت ئەتوانێ کۆنسێپتێکت پێ ببەخشێت سەبارەت بە چۆنیەتی ڕێکخستنی سایتەکە. جیاوازی ١.٥ پێ لەوانەیە دەرفەتی ئەوەمان بخاتە بەردەست تا دیوارێکی ڕاگر (retaining wall) یان چیلەیەک دروست بکەین. جیاوازییەکی ٤ یان ٥ پێیی ئەکرێ سوودی لێ وەربگیرێت بۆ لەتەنیشت یەک دانانی ئەو چالاکیانەی ناچوونیەکن. جیاوازییەکی ١٠ پێیی لەوانەیە پێشنیاری دروستکردنی بۆشاییەکی دووهێندە بەرز (double height)مان بۆ بکات لە ناوەوە کە لە دوو نهۆمی جیاوازەوە بتوانین بچینە ناوی، یان ڕێگایەکمان پێ ببەخشێت بۆ شاردنەوەی خزمەتگوزاریەکانی بینا. هەر هیچ نەبێت پێویستە لاری (لێژایی) سروشتی سایتێک بەکاربهێنرێت بۆ بەڕێوەبردنی ئاوی لافاو.




جێگای دانیشتن
seating




سەکۆ یان ئامفەثیتەر
amphitheater or stage



ناوچەسازی چالاکیەکان
zoning of activities



شاردنەوەی خزمەتگوزارییەکانی بینا
concealing of building services




ئێیتریەمی چەند نهۆمی
multi-story atrium

٤٢

## وا له‌ ناوچه‌ی لافاو بکه‌ سوودی هه‌بێت.

هه‌رچه‌نده‌ ئێربه‌نیزم له‌وانه‌یه‌ وا ده‌رکه‌وێت که‌ زانستی داپۆشین و شاردنه‌وه‌ی سروشت بێت، به‌ڵام دیزاینه‌ر هه‌موو کاتێک له‌ناو سروشتدا دیزاین ئه‌کات ته‌نانه‌ت ئه‌گه‌ر بێتو ڕووه‌ ڕه‌قه‌کانیش (hardscape) دیزاین بکات. هه‌میشه‌ پڕۆسه‌ سروشتیه‌کان بوار(context)ێکی ئاماده‌ ئه‌خه‌نه‌ به‌رده‌ستی دیزاینه‌ر تاوه‌کو وه‌ڵامی هه‌بێت بۆی و کاری تێدابکات، به‌هه‌مان ئه‌و شێوه‌یه‌ی که‌ سیسته‌مه‌کانی گوستنه‌وه‌و ڕێگاکانی پیاده‌و ژینگه‌ی ته‌لارسازی و فاکته‌ره‌کانی دیکه‌ش وه‌ڵامیان بۆ بواره‌که‌ هه‌یه‌. ئه‌گه‌ر به‌شێوه‌یه‌کی ئه‌رێنی و هاوسۆزانه‌ وه‌ڵامی ئه‌و کۆنتێکسته‌ سروشتیه‌ بده‌یته‌وه‌، ئه‌وکات سروشت و ده‌ستکرد نابنه‌ دوو سه‌نگه‌ری لێکجودا، به‌ڵکو پێکه‌وه‌ ئه‌بنه‌ یه‌ک سیسته‌می یه‌کگرتووی گشتگیر.



ئاستی لافاو
ئاستی ئاسایی

## بەرزکردنەوە نیشانەی تەشریف و ڕێزلێنانە،
## نزمکردنەوە نیشانەی لەخۆبوردەیی و خاکی بوونە.

بەرزکردنـەوەی بینایـەک یان بۆشاییەک ئاماژەیە بۆ بایەخداری و تایبەتی بوون و ڕەمزی سـەرکەوتن، لەوانەیـە لـە هەنـدێ حاڵەتیشـدا نیشـانەی گۆشـەگیری و دوورەپەرێزی بێـت. بـەڵام نزمکردنەوەیـان ئاماژەیـە بـۆ دۆسـتایەتی و ئارامـی و لەخۆبووردەیـی، لەوانەیـە لـە هەندێ بواریشدا نیشانەی ملکەچی و شکست بێت.

یـەک یـان دوو پـێ لەوانەیـە جیاوازییەکـی زۆر دروسـت بـکات، بـەرەو باشـتر یـان خراپتـر. دانانـی پلازایـەک کـە چەنـد قادرمەیەک نزمتربێـت لـە شۆسـتە وا ئـەکات شوێنەکە ئارام و هێمـن دەرکەوێـت. بـەڵام ئەگـەر هاتووچـۆی تەنیشـتی گـرژ و خێـرا بێـت، ئـەوا کەسـانی نـاو پلازاکـە نائاسـوودەو بەرچاوگیـر ئەبـن بەهـۆی چەمـەلاغ و لایتـی ئۆتۆمبێلەکانـەوە. ئـەو پارکـەی لـە ئاسـتی شـەقام بەرزتـر ئەکرێتـەوە لەوانەیـە ببێتـە پەناگەیەکـی ئارامـی دوور لـە جەنجاڵـی و قەرەباڵغـی شـار. بـەڵام زۆربـەی خەڵـک بـەکاری ناهێنـن ئەگـەر هاتـوو لـە خـوارەوە نەیبینـن یـا ئەگـەر نەزانـن چـی لەوێـدا بوونـی هەیـە، یاخـود ئەگـەر گومانیـان وابێـت سـەرکەوتنیان بەسـەر قادرمەکانـدا پاداشـتێکی ئەوتـۆی لـێ ناکەوێتـەوە. لەبـەر ئـەم هـۆکارە ئـەو بۆشـاییانەی کـە بـۆ بەکارهێنانێـک و مەبەسـتێکی تایبەتـی بـەرز ئەکرێنـەوە ئـەوا بەباشـترین شـێوە ئیـش ئەکـەن لـەو ناوچانـەی شـار کـە چـڕی هامووشـۆی پیـادە تیایانـدا زۆر بـەرزە، چوونکـە هەمیشـە بەشـێکی خەڵـک هـەن کـە ئـارەزووی سـەرکەوتنیان هەیە بەسەر قادرمەکانداو ئەم پارکانە بەکارئەهێنن.

٤٣



پەیکەری یادەوەری نیشتیمانی جەنگی جیهانی یەکەم، کەنساس، میزوری
National World War I Memorial, Kansas City, Missouri

# هەموو لایەکی بینا نابێتە پێشەوە.

دیوی پێشەوەی بینا هەمیشە ڕێکوپێک و جوانە و بەردەوام بە چاکی ئەپارێزرێت. بەڵام دیوی پشتەوەی بینا ئەشێ ناشرین و پیس و تاریک بێت و بۆن بگرێت و تەنانەت لەوانەیە مەترسیداریش بێت. لەبەرچی ناوچەیەک یان گەڕەکێک دیزاین نەکەین کە بیناکانی ناویان تەنها دیوی پێشەوەیان هەبێت؟ بۆچی شوێنی دابەزاندن و بارکردنی کەلوپەل، زبڵ و خاشاک، وە خزمەتگوزاری دیکە هەموویان لەناو یەک بۆشایی ناوەوەدا نەشارینەوەو هەموو مادده زیانبەخشەکان تەنها لەیەک دەرگای تایبەتیەوە نەکەینە دەرەوە؟

لە ڕاستیدا، ئەمە کارێکی نەکردەو نامومکینە. بۆشایی ناوەوە (Interior space) بایەخێکی زۆر زیاتری هەیە لەوەی کە تەرخان بکرێت بۆ وەزیفەیەک کە هیچ سوودێکی ئابووری و ئیستاتیکی نەبەخشێتە بەکارهێنانی بیناکە. لەڕاستیدا جیاکاری لەنێوان پێشەوەو پشتەوەی بینادا سوودی هەیە بۆ بەکارهێنەرانی بواری گشتی (pulic realm) و یارمەتیان ئەدات تا جیاوازی  بکەن لەنێوانی گشتی و تایبەتی، فەرمی و نا فەرمی، وە ئاسایی و ناوازەدا. سەرەڕای ئەو کوالیتیە نەخوازراو و ناپەسندانەی کە دیوی پشتەوەی بیناکان لەوانەیە هەیانبێت، بەڵام هەمیشە ئەکرێ چەندین لایەنی دیکەی سەرنجڕاکێش و جێی بایەخیشیان هەبێت.


دیوی پێشەوەی بیناکان پێویستە هەمیشە بکەونە بەرامبەری یەکتری. ئەگەر هاتوو لە هەر نەخشەیەکی دیزایندا دیوی پێشەوەی بیناکان کەوتنە بەرامبەری دیوی پشتەوەی بیناکانی بەردەمیان، ئەوا سەرلێشوان دروست ئەبێت لەنێوانی ئەزموونی تایبەتی و گشتی دا. ئەم دەرەنجامانە زیاتر بەهۆی سەرنج نەدانەوە دروستەبن لە کاتی داڕشتنی نەخشەی سەرەتایی و دیاریکردنی دووریەکانی پارچە زەویەکان و بلۆکەکان و شەقامەکان دا. زۆرجار هەندێ لەو پەیوەندییە نەشازانەی کە لەنێوان دیوی پێشەوەو دیوەکانی تری بینادا هەن، بە تایبەتی لە نزیکی یەکتربڕ(intersection)ی شەقامەکان دا، پەیوەندی ناچارین و بەگشتیش پەسندکراون.

٤٤




## هەندێ درەخت زیاتر لەوانی تر درەختی شارستانین.

ئـەو درەختانـەی شـێوەیەکی چەماوەیـی و قوپاویـان هەیـە وەکـو درەختـی ئێلـم(Elm)ی ئەمەریکـی، بەشـێوەیەکی نەرموونیـان شـێوە ئەبەخشـنە بۆشـایی کـراوە. بـەڵام ئـەو درەختانەی شێوەیەکی گۆییان هەیە وەکو درەختی شەکری کەوت (suger maple) و درەختی بنـاو (white ash)، بەشـێوەیەکی بـاش شـێوە نابەخشـنە بۆشـایی کـراوە بەتایبەتـی ئەگـەر هێشـتا گـەورە نەبووبـن. شـوێنی دانانـی درەختـەکان و دووری نێوانیشـیان هەموویـان کاریگەریان هەیە بەسەر ئێمەوە کە ئاخۆ لەگەڵیان دا کارلێک ئەکەین و وەکو دروستکەری بۆشـاییەکان و تەنـەکان لێیـان ئەڕوانیـن. کاتێـک درەختـەکان لەنـاو باخچـەدا پەرشـوبڵاو ئەکرێنـەوە، ئەکرێ دیمەنێکی جوان دروست بکەن بەڵام لە هەمان کاتیشدا دوورەپەرێزی و پەرتەوازەییـان وا ئـەکات هیـچ شـێوەیەک نەبەخشـنە بۆشـایی کـراوە. بـەڵام ئەگـەر هەمـان ئـەو درەختانـە بەدرێژایـی کەنـاری شۆسـتەکان دا ڕیـز بکرێـن، بەشـێوەیەکی ڕێـک و پێـک بۆشایی ڕۆیشتنی پیادەو بۆشایی ڕۆیشتینی ئۆتۆمبێل لەیەکتری جیا ئەکەنەوە.




درەختی بۆشایی
space trees



درەختی ئۆبجێکت
object trees

# بۆشاییەکی کەمتر یاخود زیاترت ئەوێت وەک لەوەی کە بیری لێ ئەکەیتەوە.

هەر ژوورێک، قادرمەیەک، بۆشاییک یان هەر توخمێک ئەگەر هاتوو لە قەبارەی ئاسایی خۆی گەورەتر بوو لە ناوەوەی بینادا، ئەوا هەستی قەرەباڵغی بوون دروستەکات، یاخود هەستێک دروستەکات وەک بڵێی ئەم بۆشاییە، ژوورە، یان توخمە لەڕاستیدا ئاوتدۆرێکی بچووککراوەیە نەوەک ئیندۆر. لە ناوەوەدا (indoor)، بنەماکانی پێوانەکردن بۆ ئێمە هەمیشە کەسی و بچووکن وەکو لەشی خۆمان، کەلوپەل، یان ژوورێکی ئاسایی. لە دەرەوەدا (outdoor) بنەماکانی پێوانەکردن بۆ ئێمە گەورتر و گشتی ترن، وەکو درەختەکان، شەقامەکان، بیناکان، بلۆکی بیناکان، پلازاکان و هەروەها ئاسمانیش.
هەر هێندەی کەسێک لەگەڵ سکێڵی بۆشایی دەرەوەدا لێڕاهات، پێویستە ڕێکخستنی پێچەوانە ئەنجام بدرێن: زۆرجار کەسێک بۆشاییەکی کەمتری پێویستە لە شوێنێکی شارستانی (urban setting) دا وەک لەوەی مەزەندە ئەکرێت. ئەکرێ چالاکی زیاتر لە بۆشاییەکی شارستانی دا پێکەوە کۆ بکرێنەوە بەراورد بە بۆشاییەکی دیکەی نیمچە شارستانی کە هەمان سایزی هەیە، چونکە دانیشتووانی شارستانی لەگەڵ جەنجاڵی و مەودا کورتی و نزیکێتی (proximity)دا لێڕاهاتوون.





زۆنەکانی شۆستە

## سایز گرینگە.


خۆشی بینین و چێژوەرگرتنی ئێمە لە بۆشاییەک چەندین هۆکاری پەیوەست بە کوالیتیەوە کاری تێ ئەکەن، ئەمەش وامان لێ ئەکات بە چاوێکی کەم بایەخ سەیری زانینی دووریەکان و وەرگرتنی پێوانەکان بکەین بە شێوەیەکی بابەتی و واقیعی.

لە کاتی دیزاینکردنی شەقامێک، پلازایەک، یان هەر بۆشاییەکدا، سەردانی بۆشایی دیکەی هاوشێوە بکە. لە خەیاڵی خۆتدا دووریەکانی مەزەندە بکە. ئینجا بە ڕاستی پێوانەیان بکە و لەگەڵ دووریەکانی خەیاڵی خۆتدا بەراوردی بکە. بۆت دەرەکەوێت ئەو بۆشاییانەی کە لە ڕاستیدا هەمان پێوانەیان هەیە، لەوانەیە لەبەرچاوی ئێمە قەبارەی جیاوازیان هەبێت، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک فاکتەر بۆ نموونە تا چەند قەراغەکانیان دیاریکراو و پێناسەکراون، ڕادەی بەکارهێنانیان، ڕێژەی ڕووە ڕەقەکان بۆ ڕووە نەرمەکانیان، بەرزایی بیناکانی چواردەوریان، سروشت و سایزی بۆشاییەکانی دیکەی نزیک لێیانەوە، هەروەها ڕێژەی دانیشتووان و سایزی گشتی ئەو شار و شارۆچکانەی کە ئەم بۆشاییانەیان تیادا دروست ئەکرێت.




**سکێڵ**

بریتی یە لە سایزی قەوارەیەک
بۆ قەوارەیەکی تر




**سایز**

بریتی یە لە پێوانەکردنێکی
بابەتیانە



**هاوڕێژەیی (proportion)**

بەراوردکردنی دووریەکان لەگەڵ یەکتریدا
لەناو یەک قەوارە یاخود سیستەم دا.
بۆ نموونە ڕێژەی بەرزی بۆ پانی




**سکێڵی مرۆڤ**


بریتی یە لە سایزی قەوارەیەک بۆ
سایزی مرۆڤ، بە تایبەت بۆ
باشکردنی ئاسوودەیی دەروونی


٤٨

## دووریەکانی لەشی خۆت بزانە.

هەنگاوەکانت و درێژی قۆڵت و درێژی دەستت پێوانە بکەو دووریەکانیان لەبەر بکە تاوەکو بە ئاسانی بتوانی پێوانەی ئەو شتانە بکەی کە لە ئیش و لە فیلد ڕووبەڕوویان ئەبیتەوە. هەروها سایزی توخمە باوەکانی تەلارسازی لەبەر بکە وەکو کەرپوچ و بلۆک و دەرگا. ڕێبازێکی سیستەماتیک گەشەپێبدە بۆ پێوانەکردنی ڕووبەرە گەورەکان، بۆ نموونە ژماردن و پێوانەکردنی پارچەکانی شۆستە بۆ خەملاندنی درێژی بلۆکی بیناکان.







1
5
6
7
8
9
10

## ساده، نەوەک سادەکراو.

**چارەسەری سادە simple solution:** چارەسەرێکی ڕاستەوخۆو جوانە، زیاد لە پێویستی خۆی قەرەباڵغ نیە. ئەم جۆرە چاسەرە دێت و کێشەیەک ئەپاڵێوێت بۆ جەوهەری ڕاستەقینەی خۆی و لە هەمان کاتیشدا وردەکاریەکانی کێشەکە ئەگرێتەوە خۆی.
**چارەسەری سادەکراو simplistic solution:** ئەم جۆرەی چارەسەریش لەوانەیە هەروەکو چاسەرێکی سادە بێتە پێش چاو وەلێ ساکارییەکەی خەڵەتێنەر، چارەسەری سادە یەکجار زۆر ڕوون و تێگەیشتووانەیە وەلێ جۆری دووەمیان چارەسەرێکی لە ڕادەبەدەر ساکارکراو و ڕووکەشیەو هیچ تێگەیشتنێکمان ناداتێ سەبارەت بە جەوهەری قوڵی کێشەکە.
چارەسەری سادەکراو ئاسانن بۆ دۆزینەوە بەڵام بەپێچەوانەوە چارەسەری سادە ئەشێ زۆر گران بن بۆ بەدەستهێنان.



ئیلهامی ڕەسمەکە وەرگیراوە لە بینای ”ناوەندی سروشتی سنسناتی“

# ئاڵۆز نەوەک ئاڵۆزکاو.

**سیستەمی ئاڵۆز (complex system)**: ئەم سیستەمە لە چەندین ئاستی جیاوازی فکری و ئەزموونی لەگەڵ ئێمەدا کارلێک دەکات. هەریەکە لە چینەکان و ڕوخسارەکانی سیستەمەکە، ئەبنە هۆی دەوڵەمەندکردن و بەهێزکردن و فرەڕەنگ کردنی تێکڕای سیستەم.


**سیستەمی ئاڵۆزکاو ( یاخود سیستەمی شێواو complicated system)**: ئەم سیستەمە شتگەلێک لە بەرامبەری یەکتری دائەنێت کە هیچ پەیوەندییەکیان پێکەوە نیە و هیچ گفتوگۆیەک و کارلێکێک لەنێونیان دا نیە. چارەسەرە ئاڵۆزکاوەکانی دیزاین لە پڕۆسەیەکەوە بەرهەم دێن کە زۆر ڕاستەهێڵی و یەک ئاڕاستەیی یە – واتە پڕۆسەیەک کە تیایدا دیزاینەر چارەسەر لەدوای چارەسەر ئەخاتە سەریەک بێ ئەوەی بگەڕێتەوە بەرەو دواوە تاوەکو ڕێچکەیەکی دیکەی گشتگیرتر و هۆشیارانەتر بگرێتە بەر.



ڕەوەی باڵندەی ڕیشۆڵە

## دروستکردنی بینای بەرز باشترە، بەڵام هەتا ئاستێکی دیاریکراو.

ئەو بینایانەی کە هەمان شێوازی دروستکردنیان هەیە تاوەکو بەرزتر بکرێنەوە تێچووەکەیان کەمتر ئەبێتەوە. بۆ نموونە بینایەکی سێ نهۆمی دروستکراو لە تەختە لە هەر پێیەکی چوارگۆشەدا کەمتری تێ ئەچێت بەراورد بە بینایەکی هاوشێوەی دیکەی دوو نهۆمی، ئەگەر هەموو فاکتەر و نرخەکانی دیکە وەک خۆی بە نەگۆڕی بمێننەوە. بینای ستیل و کۆنکریتیش تێچووی کەمتر ئەبێتەوە تا زیاتر بەرزبێتەوە بەڵام هەتاوەکو ئاستێکی دیاریکراو. لەدوای نهۆمی سییەمەوە تێچووی هەر پێیەکی چوارگۆشە زیاد ئەکات. ئەمەش چەندین هۆکاری خۆی هەیە لەوانە ئیشی گواستنەوەو لۆجیستیکی لەسەر سایت، داڕشتنی بناغەکان بە نیزامێکی تۆکمەتر و خۆڕاگرتر، پێکهات (structure)ی بینا، دەرچەی فریاگوزاری، کوژاندنەوەی ئاگر، مەسعەد، کاری میکانیکی ناو بینا، دانانی پارکینگی ژێر زەوی. هەروەها هەموو ئەو تێچووانەی کە دەبێت پێشوەختە بدرێن بۆ جێبەجێکردنی داواکارییە یاسایی و ژینگەیی و هاتووچۆیی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانەوە.
هەتا تێچووی دروستکردنی بینا زیاتر بێت ئەوا نرخی کرێکەشی گرانتر ئەبێت دوای تەواوبوونی. هۆکارێکی دیکەی گرانی ئەم نرخانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەر قاتێکی بینای بەرز وەربگری پلانەکەی بە سروشتی حاڵ ناچالاک و ناکارایە چوونکە ڕێژەیەکی زۆری ڕووبەرەکەی تەرخانکراوە بۆ قادرمەو مەسعەد و ڕاڕەو و خزمەتگوزاری میکانیکی. باڵەخانە بەرزەکان لەو ڕووەوە باشن کە زەویەکی کەمتر داگیر ئەکەن بەڵام لەو ڕووەوە خراپن کە پلانەکانیان ناکارا و ناچالاکن.




تێچووی ئاسایی دروستکردنی بینا لە ئەمەریکا، ٢٠١٧

## هیچ ڤاڵاییەک (void) بەجێ مەهێڵە.

ئەگەر شەقامێک بەرەو دیمەنێک بڕوات کە خاڵی بێت یان ناڕوون و سەرلێشێوێنەر بێت، ئەوا ئەزموونی شەقامەکە بایەخێکی ئەوتۆی نابێت.

**شەقامی ڕاست:** دیمەنی ڕێگاکە کۆتایی بێنە بە تەلارێکی گرینگ، تاوەری کاتژمێر، تاوەری ئاو، یان هەر توخمێکی دیکەی درێژەوە.

**شەقامی چەماوە:** شەقامێکی چەماوەیی ئەکرێت لە دیمەنێکی نەخوازراومان بەدوور بخاتەوە، یان لە ناخی ئێمەدا پەرۆشیەکی زۆر دروستبکات بۆ زانینی ئەو شتەی کە دەکەوێتە ئەو دیوەوە. ناوبەناو پاداشتێک ببەخشە بە بەکارهێنەران تاوەکو سەلیقە و ئارەزووی ڕۆیشتنیان بە شەقامەکەدا لەدەست نەدەن.

**درەختەکان:** کاتێک درەخت بە درێژایی قەراغی شەقام ئەڕوێنرێن، هەر لە دوورەوە کاریگەری بەسەری خۆیان دەرەخەن، دارەکان ئەبنەهۆی بلۆک کردن و داخستنی دیمەنی دوور مەودا.







# تایبەتمەندی (کەراکتەر) ببەخشە بە گەڕەکەکان.

- **گەڕەکی خانووی تەختەیی** Wood-frame neighborhood: بینای دوو تا سێ نهۆمی، هەریەکەیان یەک تا سێ یەکەی نیشتەجێ بوون و باخچەیەکی بچووکی هەیە. دانیشتووان لەڕووی داهاتەوە جیاوازن، لە خێزانەوە هەتا کەسانی گەورەی زگورت لەوێدا نیشتەجێن. هەرچی سەبارەت بە کاری بازرگانی یە، دوورەخرێتەوە بۆ ئەو سایتانەی کەوتوونەتە گۆشەکانەوە یان بۆ ناوچەی بیزنس.

- **گەڕەکی شەقامی سەرەکی** Main Street neighborhood: ناوچەی بیزنسی بچووک لە شاردا، دوو تا پێنج نهۆمی یەکەم تەرخان کراون بۆ چەندین مەبەست و بەکارهێنانی جیاواز و ئەپارتمێنتەکانیش خراونەتە نهۆمەکانی سەرەوەتر.

- **گەڕەکی بلۆکی وارخانە** Apartment-block neighborhood: بینای ±٣ تا ٨ نهۆمی دروستکراو لە ستیل یاخود کۆنکریت. لە زۆرێکیاندا لە نهۆمی یەکەم چالاکی بازرگانی بوونی هەیە. دانیشتووان لەڕووی داهاتەوە جیاوازن، لە خێزانەوە هەتا کەسانی گەورەی زگورت لەوێدا نیشتەجێن.

- **گەڕەکی قەراغ شارستانی** Urban edge neighborhood: ناوچەیەکی ڕاگوزەر و دەرکەنارەو بیناکان تیایدا بەکارهێنانی جیاواز و قەبارەی جیاواز و کەراکتەری جیاوازیان هەیە. لەوانەیە دانیشتووان چین و توێژی تەواو جیاوازیان هەبێت، هەر لە کەسانی هەژار و پەراوێزخراوەوە بگرە تا کەسانی ئاڤانت گاردی پسپۆڕ.

- **گەڕەکی ڕیزەخانوو** Town house neighborhood: ئەو خانووانەی کە بەشێوەیەکی نەریتی بە تەنیشت یەکەوە ڕیز بوون لە شاردا، بەگشتی ٣ تا ٤ نهۆمن، لە بەرد یاخود کەرپوچ دروستکراون. دانیشتووانیش جیاوازن لەڕووی داهاتەوە، لە خێزانەوە هەتا کەسانی گەورەی زگورت لەوێدا نیشتەجێن. هەرچی سەبارەت بە کاری بازرگانی یە، دوورەخرێتەوە بۆ ئەو سایتانەی کەوتوونەتە گۆشەکانەوە یان ناوچەی دیاریکراو بیزنس.

- **گەڕەکی ناوەندی شار** Downtown neighborhood: ناوچەی سەنتەر لە شاردا کە بەگشتی ژمارەیەکی زۆر بینای بەرزی تێدایە. خاوەندارێتی زۆربەی بیزنس و بیناکان لەم جۆرە گەڕەکانەدا کۆمپانیا گەورەکانن. بیزنسەکانی نهۆمی یەکەم بە درێژایی حەفتەو کۆتایی حەفتەش خزمەت بە سەردانیکەران ئەکەن.


خۆجێیی زیاتر
more parochal
گەردوونی زیاتر
more cosmopolitan


٥٤

## دۆزینەوەی ڕێگا.


ئەوکاتەی ئێمە بەناو ناوچەیەکدا، شارێکدا، یان شارۆچکەیەکدا گەشت ئەکەین هەمیشە هەوڵ ئەدەین لە چۆنیەتی ڕێکخستنی تێبگەین، وە هەوڵئەدەین کە بزانین ئێمە لەناویدا کەوتووینەتە کوێ. لەو شەقام و بۆشاییانەی پێشنیاریان ئەکەی یاخود دیزاینیان ئەکەی، دەستنیشانی ئەو ئێلەمێنتانە بکە کە کارئاسانی ئەکەن بۆ دۆزینەوەی ڕێگا و ئاڕاستەکردنی بەکارهێنەران لە هەموو هەنگاوێکدا. ئایا ناسنامەیەکی ڕوون و ئاشکرات بەخشیووە بە ناوچەیەک بەجۆرێک وا لە خەڵک بکات بیربکەنەوە ئاخۆ لە دەرەوە یان لە ناوەوەی شارن؟ خەڵک ئەتوانن لە دووری جیاواز و مەودای جیاوازدا ئەو لاندمارکانە بناسنەوە کە چونیەکن وەلێ سکێڵی جیاوازیان هەیە؟ ئایا گرێ(node)ی وات دروستکردووە کە بە ئاسانی بێنەوە یاد و وا لە کەسانی پیادە بکەن بە ئاسانی جارێکی تر بە شوێنپێی هەنگاوەکانی خۆیاندا بگەڕێنەوە؟.




**رێگا path**
شەقامێک یان ڕێڕەوێکی
ڕۆیشتنی ڕوون و ناسراو




**قەراغ edge**
هێڵی سنووردانان لەنێوانی
زۆنەکان و فەنکشنەکان دا



**لاندمارک landmark**
توخمێکی ناوازە و ناسراو،
لە هەر سایزێکدا بێت



**ناوچە district**
ڕووبەرێکی شار کە خاوەنی
ئادگاری فیزیایی جیاواز بێت



**گرێ node**
خاڵی کۆبوونەوەو
بڵاوبوونەوە

**پێنج توخمی نەخشەسازی ئەندێشەیی شارستانی،**
**وەرگیراوە لە کتێبی ”وێنەی شار“ی کێڤن لینچ.**


The five elements of urban mental mapping,
after Kevin Lynch's *The Image of the City*

## نیزام شەیدای فرەچەشنیە.

ئەو شەقامانەی شێوەیەکی تۆڕ(grid)یان هەیە و بە گۆشەی ٩٠ پلە لەسەر یەک ئەستوونن ئەوا شێوەیەکی باش و سوودبەخش ئەدەن بە زەوی بیناکان و، لەڕووی هاتووچۆکردن و دۆزینەوەی شوێنەکانی شاریشدا کارئاسانی زۆر ئەکەن. ئەگەر هاتوو شەقامەکان بە ڕیزە ناونرابوون، ئەو کەسەی لە شەقامی دووەوە بەرەو شەقامی سێیەم ئەڕوات، ئەتوانێ بە ئاسانی شەقامی چوارەم یان پانزەهەم بدۆزێتەوە.

بەڵام دووبارەبوونەوەی گریدیش دەبێتە هۆی وونبوون و ڕێ لێتێکچوون. هەر شەقام و هەر یەکتربڕێک وەربگریت لەوانەیە بە تەواوی وەکو هەموو شەقام و یەکتربڕەکانی تر بێت. ئەگەر هاتوو بلۆکەکانیش هەمان دووری و کەراکتەریان هەبوو بە هەردوو ئاڕاستەی شەقامەکاندا، ئەوا خەڵک تووشی زەحمەتی و ئاڵنگاری ئەبنەوە لە ناسینەوەی ڕێگاکان و دیاریکردنی ئاڕاستەکانیان.


دروستکردنی لادان لە گریددا بەشێوەیەکی ژیرانە، دەبێتەهۆی نەهێشتنی دووبارەیی و ووشکی و برینگی و بێزاری، وە ئاسانکردنی دۆزینەوەی ڕێگا، وە بەرهەمهێنانی سایتگەلێکی ناوازە و بێ هاوتا بۆ بینا شازەکان و شوێنە گشتیە گرینگەکان. بەڵام پێویستە ئاگاداربین کە نابێت لادانی زۆریش بوونیان هەبێت، چوونکە دەبێتەهۆی لەدەستدانی نیزام و هیچ سایتێک تایبەتمەندی نامێنێت یاخود تەنها ژمارەیەکی کەم سایت تایبەتمەند ئەبن.




پۆرتلاند



نیویۆرک



ساڤانا




سان فرانسیسکۆ

نەخشەکان بەگوێرەی سکێڵ نین


# یەکخەر چی یە؟

پرۆژە پێویستی بە هێمایەک یان ڕێکخەرێکی ئاشکراو بەهێز هەیە تاوەکو هەموو بەشەکانی پێکەوە گرێبدات. بەڵام تەنها بەدوای یەکخستنی پرۆژەکەدا مەگەڕێ لەگەڵ خۆیدا، بەڵکو لەگەڵ دیمەنی گشتی شاریش(urbanscape)دا یەکی بخە.

٥٦



خێزانی ئەندازەیی
geometric family




پلەبەندی بۆشایی
space hierarchy



ڕێگا
path




لەیەکچوونی پێوەر
scale similarity



لەیەکچوونی کەرەستە
material similarity



پلەبەندی تەنەکان
object hierarchy




تەوەرە
axis


٥٧

## چۆن بینایەک لەسەر زەوی دەرەکەوێت؟

ئەوکاتـەی ئێمـە لەسـەر شۆسـتەین بـە دەگمـەن ئەتوانیـن فۆڕمـی تـەواوی بینـا ببینیـن، بەتایبەتـی ئەگـەر هاتـوو گـەورە یاخـود بـەرز بێـت، یاخـود ئەگـەر هاتـوو ئێمـە زۆر لـە نزیکیـەوە بیـن. ئێمـە ئەتوانیـن تەنهـا نهۆمـی یەکـەم ببینیـن، لەگـەڵ بینینێکـی سـنورداری چێـوەی دەرەوەی یـەک دوو نهۆمیـش سـەرووتر. لەبەرەوە بینایەکـی خـراپ یـان ئاسـایی لـە سـکایلاین ئەکـرێ زۆر مـەزن دەرکـەوێت کاتێـک لـە سـەر زەوی لەنزیکـەوە ئەیبینیـن و کارلێکـی لەگـەڵ ئەکەیـن، وە بینایەکـی مـەزن و نایـاب لـە سـکایلاین ئەکـرێ زۆر خـراپ دەرکـەوێـت کاتێـک لەسـەر زەوی ڕاستەوخۆ ئەزموونی ئەکەین.




9



## چۆن بینایەک لە ئاسمان دەرەکەوێت؟

فۆڕمی گشتی بینایەک ئەشێ گوزارشت بکات لە وەزیفەو بەکارهێنانی بیناکە، ڕێکلام بۆ بەهاکانی خاوەنانی یان نیشتەجێبووانی بکات، یان ئاماژەبدات بە هیواو ئاواتە شارستانیەکان. دیزاینکردنی بیناکان ئەرکی تەلارسازە، بەڵام تۆی ئێربەن دیزاینەر ئەکرێ ئاماژە بدەی بە پێگە و هەستیاری هەر بینایەک کە پێشنیاری دروستکردنی ئەکەی، بەتایبەتی ئەو بینایانەی کە بەرزن، یان بەتەنها لە شوێنێکدا ڕائەوەستن، یاخود ئەوانەی کە تایبەتی و بایەخدارن.


تەلارێکی ئاواتەخواز
Aspirational
تەلارێکی تایبەتی/شارستانی
Special/civic
تەلارێکی نانەریتی
Nontraditional
تەلارێکی نەریتی
Traditional
تەلارێکی کارا
Efficient

# خەڵک ببینە و با خەڵکیش بتبینێت، سەیری خەڵک بکە بەڵام با خەڵک نەتوانێت سەیری تۆ بکات.

سەیرکردنی خەڵک یەکێکە لەو چالاکیە گشتیانەی کە هەموو کەسێک حەزی پێ ئەکات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کەسێک نایەوێت بە ئاشکرایی لە خەڵک هووتبێتەوەو، هەروەها گەرەکیەتی ئەوەش کۆنترۆڵ بکات کە تا چ ڕادەیەک خەڵک بتوانن سەیری بکەن و لەگەڵیدا تێکەڵ بکەن.


حەز و ئارەزووی خەڵکی لەم ڕووەو ئەکرێ بە چەندین شێوەی جیاواز لە پرۆژەکان دا بەرقەرار بکرێت:

**بۆشاییگەلێک دروستبکە کە چالاکی جیاوازی تێدا ئەنجام بدرێت**. قەرەباڵغ کردنی چالاکیەکان وا ئەکات سەرنج و ڕوانین بە تەنها نەکەوێتە سەر تاکە کەسێک، بەتایبەتی ئەگەر هاتوو کەسەکە خەریکی چالاکیەکی تایبەتی بێت.

**قەراغ و پەناو پەسێو و پایە و کورتە دالان و سکرین و گۆڕینی ئاستی زەوی** و جومگەسازی (articulations)ی دیکەی هاوشێوە لە بۆشاییە گشتیەکان دا دروستبکە کە دەبنەهۆی پاراستنی خەڵک لە سەیرکردن لە چەند لایەکەوەو ئاسانکردنی خۆ شاردنەوەو خۆ دەرخستنیشیان لە چاوی گشتی دا. ئەمە وا ئەکات چیتر هەست بەوە نەکەن بەردەوام لەژێر چاودێری دان.

**ڕێگاکانی ڕۆیشتن بە تەواوی فراوان بکە** بۆ ڕێبواران تاوەکو بە ئاسوودەیی بەسەریاندا گوزەر بکەن، ئەو ڕێگایانەی کە زۆر فراوانن ئەکرێ لە تەنیشتەکانەوە سەرڕێژ بکرێن بە درەخت و ڕووەک و تەختەی دانیشتن، ئەکرێ گۆڕانکاری لە ئاستی زەوی و فرەچەشنی لە ڕووپۆشکردنی ڕێگاکانیشدا ئەنجام بدرێن.

**تەختەکانی دانیشتن بە درێژی دروست بکە** یان دوور لەیەکتریان دابنێ تاوەکو ڕێبواران کە لەسەر تەختەکان دائەنیشن بتوانن هێندە بۆشایی هەبێت لەنێوانیان دا هەست بە ئاسوودەیی بکەن و ناچاری کەوتنە گفتوگۆ نەبن لەگەڵ کەسانی نامۆی تەنیشتیاندا. لە شوێنە قەرەباڵغەکاندا جێگاکانی دانیشتن بە چەندین ئاڕاستەی جودا دروست بکە یان وایان لێ بکە ناجێگیر و بزۆک و جوڵاو بن، تاوەکو خەڵک بە شێوازی دانیشتنی خۆیان بتوانن گفتوگۆی کۆمەڵایەتی ئەنجام بدەن.



پانتایی گشتی (public distance)، ١٢- ٢٥ پێ

ڕوونەدانی تێکەڵاوێتی و گفتوگۆ، ئەگەر بێت و ڕووشبدات
ئەوا زیاتر بەشێوەی ڤیژوەڵ ئەبێت نەوەک بە قسەکردن



پانتایی دۆستایەتی (گیانیبەگیانی)
١.٥پێ>

زۆر هەستیار،
دانیشتن زۆر لە نزیکی
یەکتریەوە، باوەشلێدان،
دەستگرتن، دەست لێدان

پانتایی کەسێتی
١.٥بۆ ٤ پێ

گفتوگۆی ئاسوودە،
ئەشێ بە یەکتری بگەن و
دەستیشیان بەر یەکتری
بکەوێت


پانتایی کۆمەڵایەتی
٤ بۆ ١٢ پێ

بەریەک نەکەوتن،
بەڵام کۆنتاکت لەڕێی چاوەوە
لەوانەیە کارلێکی کۆمەڵایەتی
دروست بکات؛ ئەشێ گفتۆگۆش
دروست ببێت

**بیردۆزی مەوداکان Proxemics، ئێدوارد هاڵ**

## له کاتی چوونه ژوورەوەدا، بەدوای ڕێگای دەرچوونیشدا ئەگەڕێین.

ئـەو بۆشـاییە گشـتیەی (public space) کـە ڕێگایەکـی دەرچوونـی دیـار و ئاشـکرای نیـە لـە بەرامبـەری ئـەو لایـەی کـە ڕێـگای چوونـە ژوورەوەیەتـی، ئـەوا هانـی خەڵـک ئـەدات کـە بـەکاری نەهێنـن تەنانـەت ئەگـەر مەبەستیشـیان لـە چوونـە ژوورەوە ئـەوە نەبێـت کـە بـە تەواوەتـی پیایـدا تێپـەڕن. ڕێگایەکـی کۆتایـی داخـراو بەشـێوەیەکی نائاگایـی غەریـزەی بەرگـری مـرۆڤ ئەوروژێنێـت و وای لـێ ئـەکات نائاگایانـە لەخـۆی بپرسـێت: ئەگـەر کەسـێک دوام کەوێـت هیـچ ڕێگایەکـی هەڵاتـن و دەرچوونـم نابێـت. هـەر شـەقام و کـۆڵان و مـۆڵ و ڕێڕەوێکـی نـاو بیناکان ئەگـەر هاتـوو ڕێـگای دەرچـوون و پێداتێپەڕینـی نەبێـت، ئـەوا خەڵکێکـی کەمتـر بـەکاری ئەهێنـن و شـتی سـەرنجڕاکێشـی کەمتـر و زیندووێتیەکـی کەمتریشـی ئەبێـت وەک لـەوەی کـە ڕێگای دەرچـوون و پێداتێپەڕینـی هەبێـت. هەمـوو داخرانێکی فیزیایی لە هەمان کاتدا داخرانی کۆمەڵایەتی و کەلتوری و ئەزموونی و ئابووریش بەدوای خۆیدا ئەهێنێت.




## ئەگەر قەراغەکان سەرکەوتوو نەبوون، بۆشاییش سەرکەوتوو نابێت.

بەشە ناوەندی و کراوەکانی بۆشاییەکی گشتی تەنها ئەوکاتە پڕ ئەبنەوە کە قەراغەکانی پڕ بووبنەوە. ئێمەی مرۆڤ بەهۆی ئەوەی غەریزەی مانەوە تیامانْدا زۆر بەهێزە، هەمیشە هەوڵ ئەدەین لە قەراغەکان بین، تاوەکو پشتی خۆمان لە هەڕەشەکان بپارێزین. قەراغەکان شوێنگەلێکیش فەراهەم دەکەن بۆ وەستان و خۆ شۆڕکردنەوە و دانیشتن، هەروەها ئەبنەهۆی هاندان و وڕووژاندنی هەستەکانی مرۆڤ وەکو هەستی بینین، بیستن، بۆنکردن، دەستلێدان.



# ناوەند با هەمیشە بەردەست بێت.


هەبوونی پەیکەرێک، نافورەیەک، یان هەر توخمێکی دیکە کە بکەوێتە چەقی بۆشاییەکی گشتی دەلالەت لەوە ئەکات کە ئامانج لە بەکارهێنانی ئەم بۆشاییە بۆ سەرنجدانە لە مۆنۆمێنتەکە نەوەک بەشداری کردن لە ژیانی گشتی دا . هەرچەندە هەندێ جار گونجاوە ئەم توخمانە بخەینە ناوەندەوە، بەڵام لە زۆربەی جار دا باشترین شت ئەوەیە کە لە ناوەندی نۆشاییەکە دووربخرێنەوەو بخرێنە لایەکەوە. ئەمە ڕێگا خۆش ئەکات خەڵک بتوانن ناوەندی بۆشاییەکەش بەکاربهێنن، وە بۆشاییەکەش سرەوتوو (ستاتیک) دەرناکەوێت. هەروەها لەم ڕێگایەوە ئەتوانین بۆشایی سەرەکی بۆ چەند بۆشاییەکی دیکەی لاوەکی جیاواز لە شێوەو قەبارەدا دابەش بکەین، ئەمەش کارئاسانی ئەکات تاوەکو ئەم بۆشاییە لە یەک کاتدا لەلایەن خەڵکی جیاوازەوە بۆ مەبەستی جیاواز بەکاربهێنرێت. ئەو توخمەی لە ناوەندەوە دوور ئەخرێتەوە، ئەکرێ لە لاتەنیشتەکانی بۆشاییەکە ئاڕاستەی هامووشۆی پیادە ڕێکبخات، شوێنی ڕۆیشتن لە شوێنی کۆبوونەوە جیابکاتەوە، وە پەیوەندیەکی تەلارسازی لەگەڵ بینایەک یاخود توخمێکی دیکەوە دروست بکات.




## درەختەکانی پارک لە دەرەوەی پارکەکە بچێنە.

ئەوکاتەی درەختەکان لە قەراغی پارک ئەچێنرێن، لەوانەیە پارکەکە لە ڕووی بەسەریەوە دابڕاو دەرکەوێت چوونکە درەختەکان وەکو پەرژینێک دەوری ئەدەن. ئەو کەسانەی لەسەر شەقام و شۆستەکانی نزیک لە پارکەکە هاتووچۆ ئەکەن، پارکەکەیان وەکو "تەنێک بۆ سەیرکردن" دێتە بەرچاو وەک لەوەی "بۆشاییەک بێت بۆ پشوودان و ئەزموون کردن". ئەگەر درەختەکان زۆر چڕوپڕ بن، خەڵک هەستەکەن تووشی بەرهەڵستی و بەرپەرچدانەوە ئەبنەوە.


چاندنی هەمان ئەو درەختانە لەسەر لایەکی ئەو شەقامەی کە ئەکەوێتە بەرامبەر پارکەکە ئەبێتە هۆی زیادبوونی زۆنی ئەزموونکردنی پارکەکە. تەنانەت ئەو کەسانەش کە بەسەر شەقام و شۆستەکانی نزیک لە پارکەکە دا هاتووچۆ ئەکەن بۆ چالاکی ڕۆژانەی خۆیان پارکەکە بەکاردەهێنن لەسەر ڕێگای خۆیان بەبێ ئەوەی هیچ کاتێکیان لێ بەفیڕۆ بڕوات.






## دڵی خەڵک بەرەبەرە ڕاکێشە، هەرجارەو چەند پێیەک.

خەڵک کاردانەوەیەکی نەرێنیان ئەبێت ئەگەر ناچار بکرێن بڕیارێکی حەتمی بدەن بەبێ ئەوەی هیچ هەڵبژاردەیەکی دیکەیان هەبێت. ئەگەر بتەوێ خەڵک بۆشاییەک بەکاربهێنن یاخود بە ڕێگایەکی دیاریکراودا بڕۆن، ئەوا باشترین شت ئەوەیە قۆناغ بە قۆناغ دەرفەتیان پێ ببەخشیت بۆ بڕیاردان. کارئاسانی بکە بۆ کەسێک تاوەکو قەراغێک بەکاربهێنێت، پاشان شتگەلێکی دڵگیر و حەزڕاکێش یەک بەدوای یەک بخەرەڕوو لەسەر ڕێگایدا هەتا ئەگاتە قۆناغی داهاتوو لە ناو بۆشاییەکەدا. ئەمە نەوەک بە تەنها ئەبێتە هۆی بەکارهێنانی بۆشاییەکە، بەڵکو هەموو ئەو شتانەی ئەکەونە نێوان قۆناغەکانیش وەکو ڕێکلام کار ئەکەن بۆ بۆشاییەکەو ئەبنە هۆی ڕاکێشانی زیاتری خەڵک.



کەسێک کە هەندێک (چەند پلەیەک)
لەگەڵ پارکەکەدا کارلێک ئەکات



کەسێک کە بەتەواوی لەناو پارکە یاخود
بە تەواوی لە دەرەوەی پارکەکەیە

٦٥

## دیزاین بۆ خێرایی ٣ میل لە کاتژمێرێکدا بکە.

کەسی ئاسایی لە کاتی ڕۆیشتنی ئاسایی دا بە تێکڕایی ٤.٥ پێ لە چرکەیەکدا ئەبڕێت. ئەگەر نیازمان وابێت ژینگەی دەستکردی چواردەور حەزی خەڵک بۆ بەکارهێنانی ڕابکێشێت، پێویستە هەر ناوبەناوێک کۆمەڵێک پاداشت و هاندەر بە کەسانی ناوی ببەخشێت. لە شارە کۆنەکاندا، دیمەنی نوێ بەرە بەرە دەرەکەون لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا - وەکو پەنجەرە سەرنجڕاکێشەکان، بالکۆنیە سیحراوییەکان، دیمەنی دووری قوللەی کەنیسە و منارەی مزگەوتەکان. ئایا تۆش لە دیزاینەکان و پڕۆژەکانتدا هەمان پاداشتی هاوشێوە ئەبەخشیتە کەسانی پیادە؟ ئایا خاڵی نزیک و ناوەند و دوورت داناوە کە جێی بایەخ بن بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خەڵک و، هەروەها بۆ یارمەتیدانیان لە دۆزینەوەی ڕێگا؟.




لەسەر ئەو شەقامانەی بۆ مەبەستی جیاواز بەکاردێن mixed-use،
دەرگای چالاک دابنێ کە ٢٥ پێ یان زیاتر لە یەک دوور بن، لەسەر
شەقامەکانی ناوچەی نیشتەجێبوون دا با نێوانیان ٥٠ پێ یان زیاتر بێت.


# جیاکردنەوەی پیادە لە ئۆتۆمبێل جێگای مەترسی یە.

شەقامی باش دوو مەبەستی هەیە: جێگایەک بۆ پشوودان، ڕێگایەک بۆ پێداڕۆیشتن. هەردوو مەبەستەکە پێکەوە گرێدراون: لەوانەیە کەسێک شەقامێکی جوان و دڵدوێن بدۆزێتەوە لەوکاتەی وەکو شۆفێر بەسەریدا گوزەر ئەکات و، پاشان بگەڕێتەوە بۆ سەر هەمان شەقام بۆ کات بەسەربردن و چێژ وەرگرتن لە جوانیەکانی. بەشێک لە چێژ وەرگرتنەکە بریتی یە لە سەیرکردنی ئەو خەڵک و ئۆتۆمبێلانەی کە بە بەردەمیدا ئەڕۆن.

ڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوانی ئەو دوو مەبەستەدا زۆر گرینگە، ئەو شەقامەی پێشینە ئەبەخشێتە جووڵەی ئۆتۆمبێل، ئەبێتە شەقامێکی نەخوازراو (inhospitable) بۆ کەسانی پیادە. ئەو شەقامەی جووڵەی ئۆتۆمبێل ناهێڵێت تاوەکو ئەزموونی کەسانی پیادە دەوڵەمەندتر بکات، ئەوا شەقامێکی بێزارکەرەو لەڕووی ئابووری یەوە بێ سوود و نەکردەیەو تەنانەت سەلامەتیش نابێت ئەگەر هاتوو نەبوونی ئۆتۆمبێلەکان قەرەبوو نەکرێتەوە بە چڕیەکی زۆر لە کەسانی پیادە. لە ئەمەریکا دا ئەمە حاڵەتێکی دەگمەنە چونکە کەمتر لە ٨٠ شەقام تەرخان کراون بە تایبەتی بۆ مەبەستی پیادە. هەندێکیان دیسان وا بەرەوڕووی بەکارهێنانی ئۆتۆمبێل ئەکرێنەوە.





ڕێگایەک بۆ هاتووچۆ
بەڵام هیچ جێگایەک نیە بۆ مانەوە





جێگایەک بۆ مانەوەو نیشتەجێبوون
بەڵام هیچ ڕێگایەک نیە بۆ تێپەڕین

# دیزاینی باش ئەوکاتە دێتە بەرهەم کە پارەی لێ وەچنگ کەوێت.

گەشەپێدەری کەرتی تایبەت لەوانەیە لەلایەن شارەوانیەوە داوای لێ بکرێت قەبارەی بینایەکی پێشنیازکراو بچووک بکاتەوە، یان نهۆمی زەمینی تایبەت بکات بە کاری بازرگانی لەو شوێنەی بیناکە ئەکەوێتە سەر پلازایەکی پلان بۆ دانراو. ئەم جۆرە داواکارییانە ئەبنەهۆی زیادبوونی تێچوو لەسەر گەشەپێدەر: ڕووبەری بەکرێدان کەم ئەکەنەوە، لەوانەیە پڕۆژەکە پێویستی بە دانانی پەیکەری دارایی جیاوازیش هەبێت بەهۆی هەبوونی وەزیفەی جیاواز، وە لەوانەیە ببێتەهۆی زیادبوونی تێچووی دروستکردن و بەڕێوەبردن و چاککردنەوە لە نهۆمی زەمینی دا.
لە هەمان کاتدا پلازایەکی گشتی ئەبێتەهۆی پەیداکردن و زیادکردنی کڕیار بۆ بیزنسەکانی نهۆمی زەمینی. کەسانی کرێچی، نهۆمی دووەمی ئەم بینایە بە باش و سەرنجڕاکێش ئەزانن بەهۆی نزیکی لە ڕێستۆرانت و ناوەندی تەرفیهی جیاواز. لەوانەیە گەشەپێدەری پڕۆژە بتوانێت نرخی کرێ زیاتر بەرز بکاتەوە وەک لەوەی سەرەتا پلانی بۆ دانابوو. ئەو تێچووانەشی کە لە پڕۆژەکەدا ئەڕۆن لە لایەنی شارەوانی یەوە، ئەشێ لە ڕێگای داهاتی زۆری باجەوە قەرەبوو بکرێتەوە، بەهۆی بەرزی نرخی موڵکەوە کە کەرتی تایبەتی سودی لێ ئەبینێت.



پێشتر: دانانی گەراج لەسەر زەوی




دواتر: گەراجێکی ٦ نهۆمی لەژێر زەوی لەگەڵ پارکێک لەسەر زەوی


**گۆڕەپانی پۆست ئۆفیس، بۆستن**
گەشەپێدەری پرۆژە نۆرمان لێڤانثەل

# پارک شوێنێکە لەسەر ڕێگا.


پارک ئەوکاتە بە باشترین شێوە ئیش ئەکات کە ڕێگاکانی ناوی درێژە بە هەمان پاتێرنی گشتی جوڵەی پیادەی دەوروبەری بدات. ئەمە ڕێگا خۆش ئەکات کەسانی پیادە بەبێ لادان بەناو پارکدا گوزەر بکەن لەڕێگایاندا بۆ شوێنێکی دیکە. ئەم جۆرە بەکارهێنانە سەرپێیە لەلایەن خەڵکی پیادەوە ئەبێتە هۆی دروستکردنی جموجۆڵ و چالاکی لەناو پارکەکەداو وای لێ ئەکات سەلامەتتر و دڵخوازتر بێت بۆ خەڵکی دیکەش کە سەردانی پارکەکەیان کردووە بۆ کات بەسەربردن و پشودان.



رێگا ستوونەکان (orthogonal
paths) کەسانی پیادە ناچار
ئەکەن بە نائاسوودەیی بڕۆنە ناو
پارکەکەو لەناوەڕاستی بلۆکەکاندا
لە پارکەکە دەربچن



رێگا لارەکان (diagonal paths)
سوڕی هاتووچۆی ناو پارکەکە
ئەبەستنەوە بە یەکتربڕەکان کە
خاڵی سروشتین بۆ کەسانی
پیادە بۆ هاتنە ناو پارکەکە




ئەو ڕێگایانەی کەمێک
پێچاوپێچن بایەخ و فرەچەشنی
ئەبەخشن بە پارکەکە بەبێ
تێکدانی کاتی ڕۆیشتن

پارکێک لەناو تۆڕێکی شەقامی گۆشەستوون دا
a park within an orthogonal street grid


## ئەگەر ڕووێک بەرزییەکەی ١٨ ئینج (٤٥سم) بێت، خەڵک لەسەری دائەنیشن.

زۆرینەی خەڵک بە شێوەیەکی ئاسوودە لەسەر ئەو ڕووانە (surfaces) دائەنیشن کە بەرزییەکەیان لەنێوان ١٥ بۆ ٢٠ ئینج دایە. لەهەر جێگایەک کە گونجا با بەرزی ڕووە ئاسۆییەکان - بۆ نموونە بنکەی ستوونەکان، دامێنی پەنجەرەکان، دیواری پاڵپشت، بۆلاردەکان – لەو نێوانەدا بێت.



# گرتنەخۆ لەجیاتی کردنە پاشکۆ.


کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت ئەیانەوێت وەکو هەموو کەسێکی دیکە بەشداری بکەن لە بەکارهێنانی بۆشایی گشتی دا بەڵام لەوانەیە هەست بە خۆیان بکەن و شەرم دایانگرێت ئەگەر ئەو ئامرازو ڕێگاچارانەی تایبەت بۆ ئەوان دانراون ببنە هۆی تێکدانی بۆشاییەکە. بەهەمان شێوە کەسانی ئاساییش لەوانەیە هەندێ جار ڕامپ و بەرزکەرەوە بەکاربهێنن بەڵام نایانەوێت لەم کارەیاندا هەست بە موحریجی بکەن. لەکاتی دیزاینکردنی بۆشاییەکی گشتی دا، ڕامپ و ئامرازەکانی دیکەی هاوشێوە هەر لە سەرەتاوە تێکەڵ بکە لەگەڵ پرۆسەی دیزاین دا، لەجیاتی ئەوەی سەرەتا دیزاین بۆ کەسانی ئاسایی بکەیت و پاشان بێیت و ئەو ئامرازە تایبەتیانەی بۆ زیاد بکەی. دیزاین کردن بۆ خەڵکانی جیاواز بەرپرسیارەتی نیە بەڵکو دەرفەتە.




قادرمە و ڕامپ، گۆڕەپانی ڕابسن، ڤانکۆڤەر، کەنەدا
تەلارساز ئارثەر ئێریکسن

## شەقامەکان وەها دروستبکە هێزی لێکخشانیان (هێواش کردنەوەیان) زۆر بێت.


کاتێک شۆفێران بەخێرایی لەسەر شەقامێک ئەڕۆن، هۆکارەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندیەکانی خودی شەقامەکە. زۆربەی شۆفیران بەهێواشی ئەڕۆن لەسەر ئەو شەقامانەی کە لێکخشان دروستەکەن. پارکینگی تەنیشت شەقام باشترین بەرهەمهێنی لێکخشانەو بەگشتی پێویستە لە قەراغی هەموو شەقامێک دابنرێت. لەینی تەسک و شەقامی دوو سایدیش ئەبنە هۆی هێواشکردنەوەی شۆفێران، هەروەها درەختی گەورەش، بە تایبەتی ئەگەر هاتوو لە ناوەڕاستی شەقامەکان بڕوێنرێن، ئەبنەهۆی هێواشکردنەوەی شۆفێران بەڵام نەوەک بە تەنها لەبەرەوەی شۆفێرەکە نەیەوێت خۆی پێیاندا بکێشێت، بەڵکو لەبەر ئەوەش هەتا کاتێکی زیاتر وەربگرێت بۆ چێژ بینین لە ژینگەی شەقامەکە. هەبوونی ژمارەیەکی زۆریش لە کەسانی پیادە لەسەر شەقامەکە هەمان کاریگەری هەیە، چونکە شۆفێر خۆی لە خستنەوەی مەترسی و ڕاکێشانی سەرنجی خەڵکیش بەلای خۆیدا بەدوور ئەگرێت. تاسەی کەمکردنەوەی خێرایی، بەرزکردنەوەی جادە لە شوێنی یەکتربڕی شەقامەکان وە تاکتیکی دیکەی هاوشێوە کاریگەری زۆریان ئەبێت لە کەمکردنەوەی خێرایی ئۆتۆمبێلەکان، بەڵام بەگشتی ئەم جۆرە ڕێگاچارانە چارەسەری ڕووکەشین بۆ هەبوونی کەموکوڕی بنەڕەتی لە دیزاینی شەقامەکەدا.




ئاسانکاری و ئاسوودەیی



پاراستنی کەسانی پیادە





هێواشکردنەوەی خێرایی هاتووچۆ

**سوودەکانی پارکینگ لە قەراغی شەقام**


## سوود لە شوێنە بەجێماوەکان وەرگرە.

لەو شوێنەدا کە شەقامەکان بە ئەندازەیەکی نارێک بە یەکتری ئەگەن، چەندین دوورگەی ناوەندی نەشاز و ناقۆڵا دروستەبن کە ئەشێ زۆر بچووک و دابڕاو و لاپەڕگە بن بەشێوەیەک کە خەڵکی پیادە بەکاریان نەهێنن. لە کۆتاییدا ئەم دوورگانە وایان لێدێت ئەبنە ڕووبەرێکی چۆڵەوان و کەم درەخت یان بێ درەخت و فەرامۆش کراو.
ئەم شوێنە پەراوێزخراوانە ئەشێ بگۆڕدرێن بۆ شوێنێکی زیاتر سوودبەخش لەڕێگای پێکگەیاندنی دوورگە ناوەندیەکە بە شوێنێکی نزیکەوەو لێکدانی لەگەڵ چواردەوریدا لەلایەکیەوە. لەمەوە ئەکرێ بۆشاییەکی شێوە پلازا دروست بکرێت کە کەمترین کاریگەری هەبێت لەسەر ترافیک بەلام بەشێوەیەکی مەزنیش ئەزموونی کەسانی پیادە باش بکات.


## شار پێویستی بە باکیاردە.

نشینگە شارییەکان پێویستیان بە شوێنە بۆ کۆگای لم و چەقل، کۆگای یاخود جێگای چاککردنەوەی شەمەندەفەر و تاکسی و پاسی قوتابخانەو ئۆتۆمبێلی گشتی کە بەکاردێن بۆ سەلامەتی گشتی و خزمەتگوزای گشتی، مۆلیدەی کارەبا، ڕیسایکلین و پرۆسێس کردنی زبڵ و خاشاک، کۆگای نەوت و گاز و بەنزین، کۆگای دیکەی گەورە، وە ناوچەی پیشەسازی. ئەم جۆرە شوێن و پێداویستیانە ئەرکێکی گەورەیان لەسەر شانەو ناکرێ لە پلانی گەشەپێدانی شاردا هەروا بە ئاسانی وەلا بنرێن.




## پۆلێنکاری بەگوێرەی قەبارە بکە نەوەک بەکارهێنان.

زیادکردنی بەکارهێنانی نانیشتەجێبوون بۆ ناو ژینگەی نیشتەجێبوون زۆرجار ڕووبەڕووی بەرهەڵستی و مشتومڕی گەرم ئەبێتەوە. بەڵام زۆربەی جار نارەزایەتیەکان بەهۆی هەبوونی جیاوازی یە لە سایز دا وەک لە بەکارهێنان، تەنانەت ئەگەر لەلایەن کەسانی نارازیشەوە ئاماژە بەم خاڵە نەدرێت. بۆ نموونە دانانی هایپەرمارکێتی وەکو وۆلمارت لەناو گەڕەکێکی نیشتەجێبوون دا ئەبێتەهۆی پەستکردن و تورەکردنی دانیشتووانەکەی، بەڵام فرۆشگایەکی تاکفرۆشی بچووک بە تەواوی ئەسازێت لەگەڵ گەڕەکەکەدا. لە ڕاستیدا زۆربەی جۆرەکانی بیزنس و دوکانی تاکفرۆشی و بینای دامەزراوەیی و کۆبوونەوەو تەنانەت پیشەسازی بچووکی چاککردنەوەش ئەکرێ بەشێوەیەکی گونجاو - وە لەوانەشە دڵرفێن - لەگەڵ شوێنی نیشتەجێبوون دا پێکەوە کۆبکرێنەوە ئەگەر هاتوو لە سایز دا مەعقول بن و نەبنەهۆی گەیاندنی زیان و دروستکردنی مەترسی.


NIMBY
OT
N
Y
ACK
ARD
BANANA
UILD
BSOLUTELY
OTHING
NYWHERE
EAR
NYTHING
NIMROD
OT
NY
ESIDENTIAL
NLY
EVELOPMENT
COMMON SENSE

## ئەوبەری شەقامیش ڕەسم بکە.


ڕووبـەری پڕۆژەکـەت کۆتایـی دێـت لـە کۆتاییەکانـی بلۆکـی بینـا یـان پارچـە زەوی پڕۆژەکـە. بـەڵام کاریگـەری پڕۆژەکە لەسـەر دەوروبـەر و ئـەو فاکتەرانـەی دەوروبەریش کـە کار لـە پڕۆژەکە ئەکـەن زیاتـر درێـژ ئەبنـەوە بـەرەو دەرەوەی سنووری دیاریکـراوی پڕۆژە. لـە هەمـوو ڕەسمێکدا هەمیشـە پڕۆژەکـەت لەنـاو بـواری خۆیـدا (کۆنتێکسـت) بخـەرەڕوو بـە نیشاندانی لایەکـەی تری شەقام یاخود هەر لاندسکێپێکی دیکەی هاوپەیوەند لە چواردەوری پڕۆژەکەتدا.



## هەلیکۆپتەرەکەت بنیشێنەوە.

دیزاینەران بەگشتی کاتێکی زۆر زیاتر لەسەر پلان و دیمەنی پێرسپێکتیفی پڕۆژەکەیان لە چاوی باڵندەوە (bird’s-eye drawings) بەسەر ئەبەن وەک لە سێکشن و ئێلەڤەیشن و دیمەنی پێرسپێکتیف لە ئاستی چاوی مرۆڤەوە. بەڵام ئەو دیمەنانەی لە ئاسمانەوە لەسەرەوەی پڕۆژەکەتەوە وەرەگیرێن زۆر بە دەگمەن و بگرە هەر هیچ کاتێک لە ژیانی ئاسایی دا ئەزموون ناکرێن لەلایەن مرۆڤەوە. ئەو پەیوەندییە بۆشەکیانەی (Spatial relationships) کە لە دیمەنی هەواییەوە زۆر بەهێز دەرەکەون لەوانەیە نەگونجاو و نەبینراو و بێ بایەخ بن بەلای ئەو کەسانەی کە لەناو ژینگەی دەستکردا ئەژین.


لەکاتی دیزاینکردندا، بەشێوەیەکی خەیاڵی خۆت بخەرە ناو ڕەسمەکان و مۆدێلی پڕۆژەکەت و خۆت لەناو ئەو بۆشاییانە دابنێ کە پێشنیازیان ئەکەیت، وەکو بەکارهێنەرێک لەگەڵ دیزاینەکەتدا کارلێک بکە. هەموو بڕیارێکی دیزاین کە ئەیدەی با لە سێکشن و ئێلەڤەیشن و پێرسپێکتیف و مۆدێل دا بێت پێکەوە. ئەم مۆدانە تەنها بۆ بەرجەستەکردنی ئەو بڕیارانە بەکارمەهێنە کە پێشتر لە دیمەنی هەواییەوە بڕیارت لەسەریان داوە.




# ١ پێ ستوونی = ٣ پێ ئاسۆیی.

هەبوونی ناوچەیەکی گواستنەوە لە نێوان ڕێگای گشتی و یەکەکانی نیشتەجێ بووندا پێویستە بۆ دڵنیابوونەوە لە پرایڤەسی و ئاسوودەیی دەروونی دانیشتووان. ڕاگواستنی ستوونی زیاتر لە ڕاگواستنی ئاسۆیی پرایڤەسی و ئاسوودەیی بەرقەرار ئەکات. لە ژوورێکدا کە سێ پێ لە شۆستەوە دوور بێت بەڵام لە هەمان ئاستی شۆستەدا بێت ئەوا کەسانی ناوی هەست بە دەرکەوتن و موعەرەزی ئەکەن بۆ دەرەوە، چونکە ڕێبوارانی سەر شۆستە لەوان بەرزتر ئەبن. بەڵام هەمان ژوور ئەگەر هاتوو هەر لە تەنیشت شۆستەوە سێ پێ لە ئاستی شۆستە زیاتر بەرزبکرێتەوە ئەوا کەسانی ناوی زیاتر هەست بە ئاسوودەیی ئەکەن.

هەتا شەقامەکە زیاتر گشتی بێت، پێویستمان بە ناوچەیەکی ڕاگواستنی گەورەتر ئەبێت.
ئەو خانووەی ئەکەوێتە سەر شەقامێکی بەرتەسک لە شارۆچکەیەکی بچووکدا پێویستی بە کەمێک ڕاگواستن یاخود لەوانەیە هەر پێویستیشی نەبێت. بەڵام ئەو نشینگانەی ئەکەونە سەر شەقامێکی جەنجاڵ و فرە وەزیفەو بەکارهێنان، پێویستیان بە ناوچەیەکی ڕاگواستنی گەورەو کارا هەیە، باشترین شت ئەوەیە لەم جۆرە نشینگانەدا یەکەکانی نیشتەجێبوون بخرێنە نهۆمی دووەم بەرەو سەرەوە.





ڕاگواستنی ستوونی بەبێ ڕاگواستنی ئاسۆیی
vertical transition with no horizontal transition




ڕاگواستنی ئاسۆیی بەبێ ڕاگواستنی ستوونی
vertical transition with no horizontal transition

# تاکفرۆشی (Retail) بایەخپێدانێکی زۆری ئەوێت.

فرۆشگای تاکفرۆشی پێویستی بەوە هەیە لایە تەسکەکەی ڕووی لە شۆستە بێت و پەنجەرەیەکیشی هەبێت بۆ خستنەڕووی شتومەکی ناوی بۆ ڕێبواران. پێویستی بەوە هەیە خەڵکێکی زۆر بە بەردەمی دەرگای پێشەوەیدا بڕۆن بەبێ هەبوونی هیچ کۆسپ و تەگەرەیەک - بۆ نموونە قادرمە - کە ببنە هۆی ڕێگرتن لە چوونەژوورەوە. ئەگەر فرۆشگاکە بکەوێتە نهۆمی دووەم یاخود ژێرزەمین، پێویستە نرخی کرێیەکەی کەم بێت یان ئەوەتا ئەبێت لەو شوێنەدا هاممووشۆیەکی یەکجار زۆری خەڵک هەبێت بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی ژمارەیەکیان ئەڕۆنە خوارەوە یان سەرەوە بۆ سەردانی فرۆشگاکە. پێویستە فرۆشگاکە بکەوێتە سەر ڕێگایەکی سەرەکی تاوەکو خەڵک بیبینن. فرۆشگاکە ئەیەوێ بکەوێتە سەر سووچ و سەر یەکتربڕەکان تاوەکو خەڵک لە هەموو ئاڕاستەکانەوە بیبینن و بتوانن پێی بگەن. پێویستی بە تەنها یەک دەرگای چوونە ژوورەوە هەیە مەگەر ئەوەی فرۆشگایەکی گەورە بێت و بتوانێت پاسەوان بگرێت یاخود لیستی تۆمار دابنێت لە چەندین شوێنی ناو فرۆشگاکەدا. لە هەمووی گرینگتر، فرۆشگای تاکفرۆشی پێویستە لە نزیک فرۆشگای دیکەی تاکفرۆشیەوە بێت، وەلێ هەستیش بە بەخیلی ئەکات ئەگەر هاتوو فرۆشگای دیکە زیاتر لەو دیارتر و نزیکتر بن لە شۆستە.


CRAPOLA
CRAP
CRAPOLA
تابلۆی سەر ڕووی بیناکە
لەو بەری شەقامەوە ئەبینرێت
تابلۆی ئەستوون بۆ سەر
ڕووی بیناکە لە سەرەوەو
خوارەوەی شەقامەوە ئەبینرێت
تابلۆکە دیارە لەو ڕێبوارەی
کە بە بەردەمیدا ئەڕوات
زۆنی ڕاگوزەر بۆ کردنەوەی
دەرگا و خستنەڕووی شتومەک

# ئەو ئامرازە بەکاربهێنە کە لەگەڵ بیرکردنەوەدا ئەگونجێت.


پرۆسەی دیزاین کردن بەشێوەیەکی ڕاستەهێڵی نیە. ساتەوەختێک بیر لە نەخشەی شەقامێک ئەکەیتەوە، پاشان بیر لە ستایلی ستوونەکانی ڕووناکی ئەکەیتەوە. بەڵام لە کرداری دیزاینکردنداو لە کاتی گەڕان بەدوای چارەسەر و بیرۆکەدا، پێویستت بە ناوەندی جیاواز و ئامرازی جیاواز ئەبێت. لە کاتی دیاریکردنی "ئێسکەکانی" گەڕەکێکدا، پێنووسی مارکەر و کاغەزی کەنستراکشن لە هەموو شتێک زیاتر گونجاون بۆ ئەم کارە. ئەوکاتەی ئەتەوێ بیرۆکەیەکی سەرەتایی بەشێوەیەکی کردارییانە هەڵسەنگێنیت و دووریەکانی لەسەر تاقی کەیتەوە، ئەکرێ پەنا بەریتە بەر پرۆگرامێکی کۆمپیوتەر، پاشان بگەڕێیتەوە سەر گەڕانە سەرەتاییەکانی خۆت بەدوای بیرۆکەی تردا. ئەگەر بتەوێ بەشێوەیەکی سێ ڕەهەندی بیر لە پرۆژەکەت بکەیتەوە ئەکرێ کەلوپەلی ناو ستۆدیۆ بخەیتە سەریەک بۆ ئەوەی شێوەی خوازراو بدەیتە بیرۆکەکت.

پاش ئەوەی بیرۆکەیەکی یەکگرتوو و گشتگیرت لەلا گەڵاڵە ئەبێت بۆ پرۆژەکەت، ئەوکات پرۆگرامی کۆمپیوتەری تایبەت بە مۆدێلینگ ئەکرێ بەخێرایی یارمەتیدەرت بن لە دروستکردنی چەند شێوەیەکی جیاواز بۆ پرۆژەکەت. بەڵام دڵنیابە لەوەی کە پرۆگرامێکی ڕاست بەکارئەهێنیت، چونکە هەندێ پرۆگرام داوای داخیل کردنی دووریەکان و جۆری کەرەستەت لێ ئەکەن لەکاتێکدا کە تۆ تەنها ئەتەوێ هەندێ بڕیاری سەرەتایی بدەیت سەبارەت بە پرۆژەکەت. هەرکاتێک هەستت کرد لەسەر دووریەکان و مەواد و وردەکاری دیکەی هاوشێوە دەقت گرتووە، لە کۆمپیوتەر دووربکەوە، چونکە ڕێبازە دەستیەکان زیاتر کارئاسانی ئەکەن بۆ بیرکردنەوە.


Construction
Paper

## زانیاری یەکجار زۆر و زانیاری یەکجار کەم هەردووکیان ئەبنەهۆی ئیفلیج کردن.

هەبوونی زانیاری یەکجار زۆر وائەکات دیزاینکردن زۆر زەحمەت بێت، چونکە ئەزانیت هەر بیرۆکەیەک کە پێی ئەگەیت بە تەواوی وەڵامی هەموو ئەو زانیاریانە ناداتەوە. بە هەمان شێوە هەبوونی زانیاری یەکجار کەمیش وا ئەکات دیزاینکردن زۆر زەحمەت بێت، چونکە هەموو بیرۆکەیەک لە جیهانی واقیعی دا پاڵپشتێکی مەنتیقی (ڕاشنەڵی) نابێت. دیزاینەر پێویستە زانیاریەکی گشتگیری هەبێت بەڵام نەزانێت کە پێویستە بەدوای چ زانیاریەکی تردا بگەڕێت هەتا ئەوکاتەی کە دێتەسەر ڕەچاوکردنی بیرۆکەیەکی دیزاین. مەتەڵەکە پەسند بکە و لە شوێنێکەوە دەستپێ بکە.


دروستکردن
CREATE
RESEARCH
توێژینەوە
EVALUATE
هەڵسەنگاندن

## بە جوڵەیەکی کتوپڕ دەستپێ بکە، دواتر لە خەیاڵتدا دیزاین بکە، ئینجا بە داتا پاڵپشتی و تەبریری دیزاینەکەت بکە.

پرۆسەی دیزاین زۆرجار پرۆسەیەکی سەرپێی و لەناکاوە. ئایدیای گرینگ ئەشێ پەیدابێن لە خەیاڵکردنەوە، بیرکردنەوەی لابەلا، هەستێکی لەپڕ، یا تێبینی هەڕەمەکی، بۆ نموونە: سایتی C جێگایەکی شکۆمەندانەترە بۆ بینای دادگا وەک لە سایتی A و B. یەکێک لە لاکانی شەقام هەستێکی زبر و توند دروست ئەکات، بەڵام لایەکەی تر هەستێکی نەرم و نیان و ناسک. ڕێژەی ئەو یەکانەی نیشتەجێ بوون کە یەک ژووری نوستنیان هەیە لەناو پرۆژەیەکی پێشنیارکراودا لەوانەیە هەڵە بێت و دەستنەدات بۆ بازاڕ، بەڵام لە هەمان کاتیشدا گرانە ڕوونی بکەیتەوە لەبەرچی.
ڕامانە خودیەکان Subjective observations سەرچاوەی گرینگی ئیلهام بەخشینن و پێویستە بە تەواوی گرینگیان پێ درێت. بەڵام نابێت وەکو بنەما بەکاربهێنرێن بۆ بڕیاری گەورە و سەرەکی لە دیزاین دا بەبێ پشتبەستن بە داتای توێژینەوەی باوەڕپێکراو. لە کاتی کۆکردنەوەو بەدەستهێنانی داتا وریابە لە هەبوونی مەیلخوازی لە هەڵبژاردنی داتادا، بەو مانایەی بەشێوەیەک لێکدانەوە بۆ بەڵگە نوێیەکان بکەیت کە تەنها پاڵپشتی ئەو حەز و بیرۆکانەت بکات کە هەر لەسەرەتاوە هەتبوون و باوەڕت پێیان هەبووە.




**ژیری intuition**

توانای تێگەیشتنێکی
خێرا و گشتگیر بەبێ
پڕۆسە عەقڵانیەکان



**پاڵنەرێکی کتوپڕ impulse**

خواست یان ویستێکی
کتوپڕ بۆ ئەنجامدانی کارێک
بەبێ بیرۆکەی پێشوەخت



**غەریزە instinct**

ڕەفتارێکی زگماکی و
پێشبینیکراو لە
وەڵامی هاندەرێکدا

"گەمژەکان لەسەر خەیاڵ بڕیار ئەدەن بەبێ هەبوونی مەعریفە. بیرتەسکان لەسەر مەعریفە بڕیار ئەدەن بەبێ هەبوونی خەیاڵ."

- ولیام ئارثەر وارد



# تەنها دیزاین مەکە، وەڵامیش بدەرەوە.

لە ڕێگای بە دۆکیومێنت کردن و شیکردنەوەی کۆنتێکستی پرۆژەکەت، ئەتوانی گشت ئەو هەلومەرج و بارودۆخانە دەستنیشان بکەی کە لەناویاندا دیزاین ئەکەیت و، دەرفەتگەلێکیش بدۆزیتەوە کە لەوانەیە بە شاراوەیی و نەزانراوی بمێننەوە ئەگەر هاتباو ئەم کارەت ئەنجام نەدابووایە. زۆربەی ئەو خاڵانەی کە تۆ شیکردنەوەت بۆ کردوون لەوانەیە هاوشێوە بن لەگەڵ خاڵەکانی شیکردنەوەی خوێندکارانی دیکەدا. بەڵام هەر خاڵێکی شیکردنەوە ئەشێ بە چەندین ڕێگای جیاواز وەڵام بدرێتەوە. لەوانەیە دیزاینەرێک لە وەڵامی تەوەرەیەکی گرینگدا هەستێت بە دانانی مانیومێنتێک، یەکێکی تر لەوانەیە هەستێت بە دروستکردنی بۆشاییەکی دەرەکی بۆ کۆکردنەوەی هەموو ئەو کەسانەی بەرەو ئەو تەوەرەیە ئەڕۆن، دیزاینەری سێیەم لەوانەیە دیوارێکی گۆشەدار دابنێت تاوەکو تیشکی خۆر چڕ بکاتەوەو ئاڕاستەی کەسانی پیادەش بەشێوەیەکی بەسەری بەرەو ڕێگایەکی نوێ بگۆڕێت.

خاڵە هاوبەش و باوەکانی شیکردنەوە بریتین لە:


**چالاکی پیادە Pedestrian activity**: ڕێگاکانی هاموشۆ، ئەو ڕێگا کورتانەی خەڵک ئەیانگرێتە بەر (desire lines) لەجیاتی بڕینی ڕێگای دوورتر، کۆمەڵبوونی خەڵک (کاتی کۆبوونەوە، چڕی کۆبوونەوە).

**هێڵەکانی بینین Sight lines**: ئەو دیمەنانەی سایت کە لە دەرەوە دیارن یان ئەو دیمەنانەی دەرەوە کە لە سایتەوە دیارن، هەروەها ڕێڕەوەکانی بینین کە نزیکن لێیەوەو پێویستەکات بپارێزرێن یان چاک بکرێن.

**توخمەکانی بیناکاری Buildings and built elements**: بەکارهێنانەکانی نهۆمی زەمینی و نهۆمەکانی سەرەوە، پەیوەندی نێوان دیوی پێشەوەو پشتەوە، سکێڵ، کەرەستە، شێواز، بارستەکاری بینا، هتد.

**توخمە سروشتیەکان Natural elements**: ڕەوگەی خۆر، سێبەر، با، کوالیتی هەوا، ئاوەڕۆ، هەڵکەوتەی زەوی، هەلومەرجەکانی ژێرخاک.


**شەقامەکان Streets**: کوالیتی، پلەبەندی، تایبەتمەندی بۆشاییەکان، پێشینەدان بە پیادە.



# پێکهاتن باشترە لە سازش کردن.

لە **سازشکردن** (compromise) دا، ئاریشەکان و لایەنە ناکۆکەکان لە پێشبڕکێ دان لەگەڵ یەکتری و زۆر جاریش تاکگەران و یەکتری ئەخەنە دەرەوە. جیاوازی نێوان لایەنەکان بەشێوەیەک دانووستانی لەسەر ئەکرێت کە ببێتە هۆی چارەسەرکردنێکی پاژەکی (partial) هەموو کێشەکان یان قایلکردنێکی پاژەکیانەی هەموو لایەنەکان.


گەڕان بەدوای **پێکهاتن** (synthesis)دا گەڕانە بەدوای ئامانجێک و بەرەنجامێکی تەواو گەورەتردا. ئەوەی بەدوای پێکهاتن دا ئەگەڕێت لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ناکۆکی و دووبەرەکی بەرهەمی نیزامێکە کە هێشتا شاراوەو نەزانراوە. ئەگەر هاتوو نیزامەکە بناسرێت و دەستنیشان بکرێت، لەوانەیە کێشەکە بە پرسێکی دیکەی بنەڕەتیتر و گشتگیرتر جێگای بگیرێتەوە کە ببێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی یاخود گۆڕینی ناکۆکیەکە. لەوانەیە چیتر ئاریشە ناکۆکەکان لەگەڵ یەکتریدا لە دووبەرەکی دا نەبن، لەوانەیە پێکەوە هەڵکەن یاخود دواتر لەگەڵ یەکتریدا ئاوێتەبن بە شێوازێکی پێشبینی نەکراو کە سوودی هەردوولایان تێدابێت.



## با هەموو بڕیارێکت بەلای کەمەوە دوو ئامانج بەدەستبێنێت.

لە ڕەسمی داهاتوودا نەخشەیەکی سادە پێشنیاز کراوە بۆ سایتێکی چۆڵ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە فۆڕمی بیناکان زۆر سادە دەرەکەون، وەڵامی کۆمەڵێکی زۆر لە هەلومەرجی مەوجود ئەدەنەوە. لەلای باکور و باشور و ڕۆژهەڵات گەیشتونەتە سەر شۆستەکە تاوەکو ڕێز لەو دیوارەی شەقام بگرن کە خۆی لەوێدا بوونی هەیە. لەلای ڕۆژئاوادا ڕووی لارکراوەی بینا چەند ئامانجێک ئەپێکێت: ئەبێتەهۆی دروستبوونی پلازایەکی گشتی هاردسکێپ لە بەردەمی خۆیدا، ڕووی بیناکە بەرەو پارکێک ئەسوڕێنێت کە بەشێوەیەکی لار کەوتۆتە بەرامبەری، ئەهێڵێت دیمەنی تاوەرێکی کاتژمێر کە لەوێدا بوونی هەیە دیاربێت بۆ کەسانی پیادە کە لەلای باشوورەوە ئەگەنە شوێنەکە، ئەهێڵێت لەلای باشوورەوە خۆرەتاو پلازاکەو تاوەری کاتژمێرەکە ڕووناک بکاتەوە، لەلای ڕۆژهەڵاتی سایتەکەوە هاوڕێکە لەگەڵ شێوەی ئەندازەیی شەقامەکە. هەبوونی ڕێڕەوێکی هاتووچۆ لەنێوانی هەردوو بیناکەدا کارئاسانی ئەکات بۆ جوڵەو هاتووچۆ لەناوچەکەدا لەڕێگای پێکبەستنەوەی دوو ڕێگای گشتی کە لە هەردوولا بوونیان هەیە. لەکۆتایشدا شێوەی لاتەریبی هەردوو بیناکە سادەو داینەمیکیە، ئاماژەی ئەوە دەبەخشن کە ئەکرێ هەردووکیان پەرەبسێنن بۆ پێکهێنانی یەک بینای یەکگرتووی جوان.

سەرەڕای سەرکەوتوویی نەخشەی پێشنیارکراو وەک ئەوەی کە دەرەکەوێت، بەڵام تەنها وەڵامێکی ڕێژەیی کەمێک لە ئیعتیباراتی کۆنتێکست ئەداتەوە. لەوانەیە زۆرێک لە فاکتەرە کۆنتێکستییەکانی تر بەشێوەیەکی جیاواز و تەنانەت تەواو پێچەوانەی فاکتەرەکانی تر بێنە گۆ سەبارەت بە چۆنیەتی بیناکردن لەسەر سایتەکە.



## هەندێ جار پێویستە یەک شت بەشێوەیەکی یەکجار زۆر باش ئەنجام بدەیت، بەڵام زۆربەی جار پێویستە هەموو شتەکان تەنها بەشێوەیەکی باش ئەنجام بدەی بەو ڕادەیەی کە پێویستە.


ئەگەر لە یەک کاتدا دە کێشەت هەبێت بۆ چارەسەکردن، تەنها لەسەر چارەسەکردنی یەک کێشەیان دەق مەگرە کاتێک کێشەکانی تر پەژمووردە ئەبن، وە چاوەڕێش مەکە هەتا ئەو دەمەی کاتت ئەبێت بۆ چارەکردنی هەر دە کێشەکە بەباشی. بە خێرایی لەسەر هەر کێشەیەک بووەستەو پاشان بەسەریدا تێپەڕە بۆ کێشەکەی تر. پاشان بگەڕێوە سەر هەموو کێشەکان و زیاتر ئیشیان لەسەر بکە. لەگەڵ هەموو تێپەڕاندنێکدا بەدوای ڕێگای گونجاوتر و ئابووریانە تر دا بگەڕێ بۆ چارەسەرکردنی تەواوی کێشەکان. ئەمە ئەبێتە هۆی گێڕانەوەی کات بۆ تۆ، وا ئەکات بەشێوەیەکی گشتگیرتر و سەرتاپایی تر بیر لە پرۆژەکەت بکەیتەوە، وە ناهێڵێت بە تایبەتی لەسەر یەک کێشە پاوەجێ بیت و دەق بگریت.



## چۆن و بەرەو کوێ خەڵک جوڵە ئەکەن.


هەمـوو جێگایەکـی شارسـتانی urban site پێویسـتە وەهـا بیـری لـێ بکرێتـەوە کـە لـە بنەڕەتـەوە شـوێنێکە بـۆ جموجـۆڵ، تەنانـەت ئەگـەر هاتـوو ئامانجـی پڕۆژەکـە دروسـتکردنی جێگایـەک بێـت بـۆ پشـوودان. تەنهـا ژمارەیەکـی کەمـی خەڵـک کـە سـایتەکە بـەکار ئەهێنـن یاخـود سایتەکە کاری تێکـردوون، وەکـو دوا شـوێنی مەبەسـت بـۆی ئـەڕۆن. زۆرینـەی خەڵـک بەناو یاخود بە تەنیشتیدا تێئەپەڕن لە ڕێگایاندا بۆ شوێنێکی دیکەی مەبەستیان.

نەخشـەی هامووشـۆکردن(circulation scheme)ی هـەر سـایتێک پێویسـتە پاتێرنـە مەوجودەکانـی جوڵـە لەخـۆی بگرێـت کـە لـە واقیعـدا هـەن و لـە هەمـان کاتیشـدا ڕایەڵـەی نـوێ لەنـاو سایت و لەنێوان سایتەکان دا دروستبکات بـۆ ئاسانکردنی لێشاوی ڕۆیشتنی خەڵـک و ووزەو ئایدیـاکان، هەروەهـا ببێتـە هـۆی زیاتـر ڕەخسـاندنی دەرفـەت بـۆ ئـەو کەسانەی لەوێدا بەریەک ئەکەون. تەنانـەت هامووشـۆی نـاو بینـاش پێویستە ڕێکبخرێت و چارەسەر بکرێت بەگوێرەی سیستەمی گەورەتری هامووشۆی شارستانی.



# مەترسە لە ئەنجامدانی ئەو شتەی کە ئاشکرایە.

ئەنجامدانی کارێک کە بە ئاشکرایی لۆجیکی و مەعقول دەرکەوێت لەوانەیە پێچەوانەبێت لەگەڵ جەوهەری چەمکی داهێنان دا، بۆ نموونە: ئەگەر چارەسەرێکی دیزاین هێندە ئاشکرابێت، هیچ کەسێکی تر نەیتوانیووە پێی بگات؟
زرۆبەی جار بابەتەکە پێچەوانەی ئەمەیە. ئیشی دیزاینەر ئەوکاتە ئەبێتە ڕەسەن کە سەرچاوە بگرێت لە ڕامانێکی ڕاست و دروست، شیکردنەوەیەکی وورد، تێگەیشتنێکی قوڵی بێ فلتەر، بڕیاردانێکی هۆشمەندانە، بەبێ ئەوەی هیچ گرینگی بدات بە ڕەسەنایەتی و گوزارشتکردن لە خودی خۆی. لەوانەیە ئیشەکەت لە شتێک بچێت کە هەمووان بتوانن پێی بگەن. لەوانەیە بترسی لەوەی گاڵتەت پێ بکرێت کە ئیشەکەت لە بەردەمی پۆلەکەتدا هەڵئەواسی. لەوانەیە وابیرکەیەوە هەموو خوێندکارانی تری ناو پۆلەکەت بە هەمان ئەو چارەسەرە گەیشتوون، بەڵام بەشێوەیەکی حەکیمانە وەها چارەسەرێکی ئاشکرایان پشتگوێ خستووە.
بەڵام ئەوکاتەی شتێک ئاشکراو بەرچاو دەرەکەوێت بەلای تۆوە، زۆرجار لەبەرەوەیە کە ئەم شتە سروشتیە، نەک لەبەرەوەی کە کەسانی دیکەش هەمان شتیان بینیووە.


ANALYSIS
MASTER PLAN

"هیچ کەسێک لەوانەی کە پەرێشانی ڕەسەنایەتین، هەرگیز نابنە کەسێکی ڕەسەن. بەڵام ئەگەر هاتوو ڕاستی بڵێی بەبێ گوێدانە ئەوەی کە پێشوتر چەند جار ووتراوە، ئەوا تۆ لە کۆی هەر دە جارێک نۆ جار ئەبیتە کەسێکی ڕەسەن بەبێ ئەوەی خۆشت تێبینیت کردبێت. دەستبەرداری خۆت بە، ئەوکات خودی ڕاستەقینەی خۆت ئەدۆزیتەوە"

- سی ئێس لویس



## لەکاتی دانانی پلانی گەورەدا، وردەکاریەکانیش لەبەرچاو بگرە. لەکاتی سەرقاڵ بوون بە شتی بچووکەوە، ئاگاداری وێنە گەورەکەش بە.

باشترین ئایدیاکانی خۆت بگۆڕە بۆ بنەما (principle) کە بتوانیت لە جێگای دیکەو بە سکێڵی دیکە جێبەجێیان بکەیت.

**جووڵەیەکی بچووک:** شەقامێک بکە بە چەماوە تا بە دەوری بینایەکی مێژووییدا بخولێتەوە.

**جوڵەیەکی گەورەتر:** شەقامە هاوتەریبەکانیش بکە بە چەماوە، هاوشێوەی هێڵەکانی کاریگەری زایەڵەی دەنگ (echo effect)، بۆ ئاماژەدان بە گرینگی بیناکە بۆ ئەو ناوچەیەی تێیدایە.

**جوڵەیەکی گەورە:** تۆڕێک لە شەقامی پان boulevard دروستبکە بۆ ڕێکخستنی هاتووچۆی ئۆتۆمبێل لە ناوچەکە.

**جوڵەیەکی بچووک:** مانیومێنتێکی ژیاری civic monument لەسەر هەموو یەکتربڕێکی بولەڤاردەکان دابنێ بۆ باشکردنی ناسینەوەو ئاسان خوێندنەوەی شار.

**جوڵەیەکی ناوەندی:** لەناو هەموو ناوچەیەکدا کە لە ئەنجامی یەکتربڕینی بولەڤاردەکانەوە دروست ئەبێت، گەڕەکێک و سیستەمێکی شەقامی جیاواز دروست بکە کە خاوەنی سیماو تایبەتمەندی خۆی بێت و جیای بکاتەوە لە گەڕەکەکانی دیکە.

**جوڵەیەکی بچووک:** پێشنیاری دروستکردنی شوێنێکی تایبەتی بکە بۆ بەکرێدانی پاسکیل لە پڕۆژەیەکی نوێی فرە بەکارهێنان دا.

**جوڵەیەکی بچووکی زیادە:** لەگەڵ دروستکردنی شوێنی بەکرێدانی پاسکیلەکان، شوێن بۆ خواردن و چاککردنەوەو تەوالێت و شوێنی پێویستی دیکەش بۆ پاسکیل سواران دابین بکە.


جوڵەیەکی ناوەندی: پێشنیاری تەرخانکردنی لەینێکی تایبەتی بکە بۆ پاسکیل لەسەر ئەو شەقامانەی لێیەوە نزیکن.

جوڵەیەکی گەورە: هاورێ لەگەڵ رێگای تایبەتی پاسکیل سواری دا شریتی سەوزاییش دروست بکە تاوەکو پرۆژە نوێیەکە لەگەڵ رووبەرە گەورەکانی دیکەی سەوزایی لە شاردا پێکبەستێتەوە.



## کلیلی چارەسەرکردنی کێشەیەکی ئاڵۆزوگران ئەوەیە کە بوەستی لە هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی.


کێشەی ئاڵۆز و گران wicked problem بریتی یە لە سیستەمێکی ئاڵۆزی کێشە لاوەکیەکان. ئەم کێشەیە چارەسەر نابێت بە چارەسەکردنی تاک بە تاکی کێشە لاوەکیەکان، چوونکە کێشەیەکی داینەمیکی و پڕ لە پەیوەندی و کارلێکە. چارەسەرکردنی یەک کێشەی لاوەکی ئەبێتە هۆی گۆڕینی کێشەکانی تر یان ئەبێتە هۆی پەکخستنی چارەسەرە لاوەکیەکان.
کێشە ئاڵۆزوگرانەکان پێویستە هەنگاو بە هەنگاو و بەشێوەیەکی سەرتاسەری چارەسەربکرێن. لە یەک کاتدا تەنها لە یەک کێشە بکۆڵەرەوەو چارەسەرە گونجاوەکان بدۆزەرەوە بەڵام بەبێ بڕیاردان و یەکلاکردنەوە. پاشان لە کێشە لاوەکیەکان بکۆڵەرەوە بە جووت یان بە کۆمەڵە. لە کۆتاییدا ئەتوانیت پەی بە کۆمەڵێک ڕێگا بەریت بۆ چارەکردنی دوو کێشە یان زیاتر لەیەک کاتدا، بەڵام ئێستاش ناتوانیت بۆ پێشەوە بڕۆیت بەرەو چارەسەری کۆتایی. پاشان وەکو یەک پارچە لە کێشە ئاڵۆزو گرانەکە بڕوانە: چ بەهایەک و چ گریمانەیەک بوونە هۆی دروستبوونی کێشەکە و ئێستاش بوونەتە لەمپەر لەبەردەمی هەوڵەکانی چارەسەکردنی کێشەکەدا؟ چ جۆرە بەهایەک و ئامانجێک پێویستە کاربکەنە سەر چارەسەری کۆتایی؟
چارەسەری کۆتایی بریتی نیە لە سەرەنجامی کۆمەڵێک چارەسەری لاوەکی بەڵکو بریتی یە لە سیستەم یان ڕێباز یاخود پرۆسەیەک کە چارەسەری ئەو ڕێگایانە ئەکات کە تیایدا کێشە لاوەکیەکان لەگەڵ یەکتریدا کارلێک ئەکەن.





## بەبێ هەبوونی قەیران بەرەوپێشچوون ڕوونادات.

هەموو شتێک بەشێوەیەک لە شێوەکان شکست دەهێنێت. باشترین ئایدیاکانت لە ئیشکردن ئەوەستن، یان لەوانەیە بەجۆرێک لە جۆرەکان بە جیا ئیش بکەن بەڵام پێکەوە ئیش ناکەن. ڕێگایەک بەرەو پێشەوە نادۆزیتەوە. بیر لە ڕابردوو ئەکەیتەوە ئەوکاتانەی کە تیایدا پڕۆژەکانت شکستیان هێنا بەڵام لەخۆت ئەپرسی کە بۆچی هیچان لێوە فێرنەبوویت. لە خۆت ئەپرسی کە لەبەرچی ناتوانی بەشێوەیەکی باشتر پڕۆسەی دیزاین بەڕێوەبەریت، لەبەرچی ناتوانی کارەسات لەخۆت دوورخەیتەوە. ئەپرسی کە لەبەرچی تۆ کەسێکی شیاو نیت بۆ بوارەکەت.


لە کۆتاییدا بۆت دەرەکەوێت کە شکستهێنانی شتەکان بەشێکە لە پڕۆسەی دیزاین. ئەگەر لە جاری داهاتوو هەمان شت ڕوویدا، لەوانەیە هەست بکەی کە لەبەرەوەیە تۆ شتەکان بەشێوازێکی ڕاست ئەنجام ئەدەی. جاری دواتر، هەر کە پێشبینی قەیرانێکت کرد ئەزانی چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت.



regional passers-through
office workers
shoppers
restaurant diners
city workers (Public Safety Building)
Somerville Common
local residents running errands
Inner Belt District workers
MBTA riders
bicyclists


RESIDENTIAL/ NEIGHBORHOOD SCALE
VEHICULAR/ SUBURBAN/ INDUSTRIAL SCALE
Adjacencies/ Scale Analysis Existing


Thru route (McGrath) corporate scale Class 'A' space
local route retail/res. mix.
Public spaces? unclear character..
Key public spaces at intersections of local routes
Service Road
· access to IBD
· business incubators
· Class 'B' office
· light industry





STAGE
STEPS
+52



## نەخشەی دیزاین بریتی یە لە ئارگیمەنت.
## A design scheme is an argument

ئارگیمەنت پێویستی بە بەڵگە هەیە، بەڵام ئارگیمەنتێکی بەهێزیش مەحکەم و تۆکمە نیە. ئەگەر ئارگیمەنتێک بە تەواوی ڕاست بێت، ئەوکات پێی ناوترێت ئارگیمەنت، پێی ئەوترێت حەقیقەت. کەواتە ئەنجامدانی گفتوگۆیەکی کاریگەر بۆ ئەوە نیە تا بیسەلمێنی تۆ ڕاستی و لەسەر حەقی، بەڵکو بۆ ئەوەیە نیشانی بدەی پێگەی تۆ پێگەیەکی خوازراو و پەسندە چونکە هیچ بەڵگەیەکی کامڵ لەبەردەستدا نیە بۆ ڕەتکردنەوە یان سەلماندنی ئارگیمەنتەکەت.


ئارگیمەنتی فیزیایی
physical argument
وەزیفی، پراکتیکی،
لۆجیکی، یەکگرتوویی
ئارگیمەنتی مرۆیی
humanistic argument
وەڵامدەرەوەیە بۆ بەهاکان و
پێداویستیە فەردی و کۆمەڵایەتی و
کەلتورییەکان
نەخشە
scheme
ئارگیمەنتی ئیستاتیکی
aesthetic argument
جوانی، هارمۆنی،
ئیلهامبەخشی، چێژبەخشی
ئارگیمەنتی سروشتی
natural argument
وەڵامدانەوەو لەخۆگرتنی
سیستەمی ژینگەیی


## بەشێوەیەکی توند ڕەخنە لە خۆت بگرە.

ئایا بەو پلازا گشتیەدا ئەڕۆیت کە خۆت پێشنیارت کردووە؟ دڵنیای؟ ئایا ئێستا وەها بۆشاییەک بەکارئەهێنیت و چێژی لێ ئەبینی؟ تۆ جێگایەکت بۆ پیاسەو پشودان ڕەسم کردووە کە خەڵکی دڵخۆش بەکاری ئەهێنن. ئایا بەو ئەندازەیە چالاک ئەبێت کە ڕەسمەکەت نیشانی ئەدات؟ ئایا ئەو شوێنە بە پشتبەستن بە بنەما زانراوەکانی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی مرۆڤ دیزاین کراوە؟ ئایا خەڵک لەڕووی بەسەری یەوە پڕۆژەکەت بە سەرنجڕاکێش ئەبینن؟ ئایا چێژ ئەبینی لە سەیرکردنی پڕۆژەکەت لە پەنجەرەی ژووری دانیشتنەوە؟ ئایا ئێستا لەوبەری ئەو شەقامەی تۆ لەسەری ئەژیت شتێکی هاوشێوە بوونی هەیە؟ ئەگەر نەخێر، ئایا پێت وایە کەسانی دیکە خوازیاری هەبوونی وەها شتێک بن؟.


IRON WORKS
KE REPAIRS
ARTSTORE

# شوێن > بۆشایی.

ئەرکی سەرەکی ئێربەن دیزاینەر بریتی یە لە دیزاینکردنی بۆشایی فیزیایی. بەڵام ئامانجی ڕەهای دیزاینەر ئەوەیە کە ئەم بۆشاییە بەلای بەکارهێنەرانیەوە ببێتە شوێنێکی خۆشەویست. بۆشایی بریتی یە لە ژینگەیەکی فیزیایی، شوێن بریتی یە لە بۆشاییەک کە خەڵکی پەیوەندیەکی (پەیوەستیەکی) تایبەتی و کەسییان لەگەڵیدا هەیە. بەدرێژایی دەیان و سەدان ساڵ، ئەم جۆرە پەیوەندی یە گۆڕانی بەسەردا دێت و ئەمەش بۆشاییەکە دەوڵەمەند ئەکات. بەکارهێنەران ئەیگونجێنن لەگەڵ مەبەستی نوێ دا، درەختی لێ ئەچێنن، بە ناتەواوی چاکی ئەکەنەوە، لەگەڵ هاوڕێیاندا تیایدا یەکتری ئەبینن، سەیری ژیان ئەکەن، وە پیتی یەکەمی ناویان لەسەر تەختەکانی دانیشتندا هەڵئەکۆڵن. هەموو ئەو گۆڕانکاریانە بە درێژایی ڕۆژگار لەسەریەک کەڵەکە ئەبن و شوێنەکە دێرینتر و دەوڵەمەندتر ئەکەن بۆ کەسانی دیکەی دوای خۆیان، لە کۆتایشدا شوێنەکە ئەبێتە گەواهیدەرێک لەسەر بەکارهێنەران و کەلتورەکەی نەوەک ئەو دیزاینەرەی کە یەکەم جار شوێنەکەی دروست کردووە.




فێنوەی پارک، بۆستن، ماسەچوسێتس

## پالەمپسێست Palimpsest.

لاپەڕەیەک، تەختەبەردێک یان پێستەیەک کە دوو سێ جار شتی لەسەر نووسرابێ و سڕابێتەوە، بەڵام هەندێ لە نووسینە کۆنەکەی هێشتا هەر پێوە دیار بێت ئەوا پێی دەوترێت پالەمپسێست. کەواتە پالەمپسێست بریتی یە لە:

١. دەستنووسێک یان هەر دەقێک کە لەسەر دەستنووسێکی سڕاوە نووسرابێتەوە، بەشێوەیەک کە دەقی یەکەم جار (ڕەسەن) کەمێک هەر دیارە.

٢. هەر شتێک کە گۆڕدراوە یان بەکارهێنراوەتەوە بەڵام هێشتا هەڵگری شوێنەواری شێوە ڕەسەنەکەیەتی.


Students of urban design dwell in contradiction. In the design studios they take each semester, they are charged with designing important parts of cities and towns, even though they have little design experience and a limited understanding of urbanism. They are given minimal up-front instruction on how to achieve their goals; instead, they must learn by doing. This approach is perhaps necessary—as instructors, we cannot claim to have found a better way—but it asks the student to move in opposite directions at the same time: forward, toward the completion of a project, and "backward," toward the broad understandings needed to complete it well.

How does a student negotiate this paradox? How does one design something before knowing anything about it? Where does one start—with understanding r action? Are there tangible strategies one can lean on while remaining on the lookout for larger learnings?

The answers are unlikely to be found in textbooks or a formal lesson plan. But they exist in the design studio nonetheless, typically in parenthetical conversations and off-handed observations instructors offer students to get them unstuck, shoo them off a wayward course, or simply inform or inspire them. ce the parentheticals are out of the way, the tructor returns to the lesson plan-ostensibly the


## گۆڕان بەردەوامە.

ئێربەنیـزم کێشـەیەکە کـە ناتوانـرێ یەکجـار و بـۆ هەمیشـە چارەسـەر بکرێـت. ئێربەنیـزم بریتـی یە لە پارچەیەکی مێژوویی (ئارتیفاکـت) کە ژیان دروستـی ئـەکات. کاتێک ژیان گۆڕان بەرهـەم ئەهێنێـت، ئێربەنیـزم خـۆی دوبـارە نـوێ ئەکاتـەو جارێکـی تـر خـۆی دروسـتەکاتەوە. ئێربەنیـزم بریتـی یـە لـە بەرجەسـتەیەکی مـاددی ژیانـی مـرۆڤ - لەدایکبـوون و گەشـە و هەوڵدان و سەرکەوتن و شکست ئینجا مردن.


Cafe
بەکارهێنانەکانی بینا
بیناکان
پارچە زەویەکان
بلۆکەکان
تۆڕەکانی گواستنەوە
گۆڕانی خێراتر
ئاڵۆزی زیاتر

## ئێربەن بریتی یە لەوەی کە خەڵک چۆن ئەژن، نەوەک هەروا بە سادەیی بریتی بێت لەو شوێنەی کە تیایدا ئەژن.

ژیان بەشێوەیەکی شارستانی (ئێربەنی) واتە ژیان بەشێوەیەکی لۆکاڵی، ڕۆچوون لە ئەزموونی ڕاستەوخۆ دا، یەکخستنی کەسێک لەگەڵ شیرازەی (فابریکی) کۆمەڵایەتی دا. ژیان بەشێوەیەکی نیمچە-شارستانی واتە گرتنەخۆی ئاڕاستەی هەرێمگەری، ئەزموونکردنێکی هەڵبژاردەیی، وە دوورکەوتنەوەو دابڕانی کۆمەڵایەتی.
ئەو دانیشتووەی گەڕەکێکی شارستانی کە بە ئۆتۆمبێل ئەڕواتە سەر کار، لە ستریپ مۆڵ بازاڕ ئەکات، وە پارێزگاری لە تۆڕێکی کۆمەڵایەتی هەرێمی ئەکات، ئەوا ئەم کەسە بەشێوەیەکی داینەمیکی کەسێکی نیمچە-شارستانی یە. ئامانجی ڕەهای ئێربەن پلانینگ و ئێربەن دیزاین بریتیە لە بەرەودان بە ئێربەنیزمی داینەمیکی، نەوەک بە تەنها دروستکردنی شوێنێکی فیزیایی شارستانی کە تیایدا نیزامێکی کۆمەڵایەتی نیمچە-شارستانی دروست ببێت.




نیزامێکی کۆمەڵایەتی نیمچە-شارستانی لەناو جێگایەکی کتومت هاوشێوە شارستانی دا


## ئەگەر پڕۆژەکە نەتوانرێ ئێستا بکرێتە شارستانی، کارئاسانی بکە لە دواتردا ببێتە پڕۆژەیەکی شارستانی.

**پڕۆژەکانی قەراغ شار وەها دیزاین بکە کە لە داهاتوودا بتوانرێت لەگەڵ گەڕەکەکانی دراوسێیاندا پێکەوە ببەسترێنەوە.** پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون و بازرگانی لە قەراغی شارەکان دا بەگشتی ڕێگای چوونەژوورەوەو چوونە دەرەوەیان سنووردارە و هامووشۆی ئۆتۆمبێل تیایاندا سروشتێکی تایبەتی هەیە. لەڕێگای ڕێکخستن و گونجاندنی بیناکان و شەقامەکانی ناو پڕۆژەو تەنانەت گەراجی ئۆتۆمبێلیش لەگەڵ ئەوانەی ناو پڕۆژەکانی دراوسێیاندا، دروستکردنی تۆڕەکانی شەقام (street networks) لە داهاتوودا ئاسان ئەبێت و تەنانەت ئەکرێ دیمەنێکی شارستانی(urbanscape)ی یەکگرتووش دروست بکرێت.


**گەراجەکانی ئۆتۆمبێل وەها دروست بکە کە بتوانرێت جارێکی تر و بەشێوەیەکی تر بەکاربهێنرێنەوە.** نهۆمی یەکەم هێندە بەرز دروست بکە کە شیاو بێت بۆئەوەی بکرێتە فرۆشگای تاکفرۆشی. لە هەر شوێنێک کرا نهۆمی زیاتر لەسەرەوە دروست بکە، بەڵام هێندەش بەرز بن کە بتوانرێت لە داهاتوودا بکرێنە شوێنی نیشتەجێبوون، ئۆفیس، یان هەر وەزیفەیەکی تر.

**ئەگەر بینای ئەپارتمێنتە فرە یەکەکان (multi-unit)** تەنها بۆ نیشتەجێ بوون بێت لە ئێستادا، ئەو ژوورانەی ئەکەونە بەرامبەر شۆستە لە نهۆمی یەکەم دا وەها دیزاینیان بکە بتوانرێت بگۆڕدرێن بۆ فرۆشگای تاکفرۆشی بەبێ تێکدانی وەزیفەی یەکەکانی نیشتەجێبوون و بیناکە.


**ئەگەر نەتوانرێ لە ئێستادا ڕێژەی چڕی دانیشتوان لە پڕۆژەکەدا گەورەبێت، کارێکی وابکە بەدەستهێنانی ئاسان بێت لە داهاتوودا.** نارەزایەتی و بەرهەڵستی دەربارەی چڕی دانیشتوان ئەبێتەهۆی مایەپووچ بوونی چەندین پڕۆژە، لەبەرەوە پڕۆژەکە وەها دروست بکە کە ڕێژەی چڕیەکەی پەسند بێت بۆ ئەمڕۆ، بەڵام بەشێوەیەکیش کە توانای لەخۆگرتنی چڕیەکی زیاتری هەبێت لە داهاتوودا ئەوکاتەی بیرکردنەوەی دانیشتووان ئەگۆڕێت.



خانووەکان لە ناوەندی پارچە زەویەکان دانراون




خانووەکان لە نزیک تخوبی پارچە زەویەکان دانراون



لەبەرچاوگرتنی گەشەکردن و زیادبوونی چڕی دانیشتووان لە داهاتوودا

# پڕۆژەکەت بەوشێوەیە دروست ناکەن کە لەسەر کاغەز دیزاینت کردووە.

بەرژەوەندیە دژیەکەکان، ئەجێندا جیاوازەکان، گیروگرفتە فیزیاییەکان، بەربەستە یاساییەکان، سەرمایەی پێویست بۆ جێبەجێکردنی دیزان، وە بێ شومار هۆکار و نیگەرانی دیکە تێکڕا ئەبنەهۆی خاوکردنەوەی پرۆسەی پێشکەوتن لە دروستکردنی شوێنە شارستانیەکان دا. ئەگەر هەندێ جار گیروگرفەتەکان لاوەکیش بن، ئێستاش هەر ئەبنە مایەی دەوڵەمەندکردنی ئێربەنیزم: لەبەرەوەی کە دانووستانەکان ئاڵۆزن، پێویستە چارەسەرەکانیش بەهەمان شێوە ئاڵۆز بن.
لەوانەیە دیزاینەری شارستانی بەناو جڵەوی سەرکردایەتیکردنی پرۆسەی دیزاینی شارستانی لە دەستدا بێت، بەڵام لەناو قەرەباڵغیەکی گەورەدا زۆر کەم وایە گوێی لێ بگیرێت. بەشدارییەکانی ئێمە لەو پرۆسەیەدا لەوانەیە زیاتر نیشاندانی چوارچێوەیەکی گشتی بێت وەک لە ووردەکاری تایبەتی، زیاتر پێشنیارانە بێت وەک لەوەی ئیلزامی بێت. ئەنجامی کۆتایی زۆر بە دەگمەن بە هەمان ئەو شێوەیە دەرەچێت کە دیزاینەرەکە وێنای ئەکات. زۆربەی ئەو ڕەسم و نەخشانەی کە دیزاینەران دروستی ئەکەن ئاسانکاری ئەکەن بۆ پرۆسەی گفتوگۆکردن دەربارەی پڕۆژەکە، وەک لەوەی کە بەڕاستی ببنە وەڵامی کۆتایی سەبارەت بە پڕۆژەکە.



**ژینگەی سروشتی**
ژینگەی سروشتی، ژیانی سروشتی،
سەرچاوەکانی ووزە، ئاو، هەوا، هتد
**لایەنە تایبەتیەکان**
خاوەنەکان و دانیشتووانی
دەرو دراوسێ، خاوەن
کارەکان، تاکی هاوڵاتی، هتد
**جڤات**
کۆمەڵەکانی هاوڵاتیان،
یەکێتیەکانی گەڕەک،
یانەکانی پاسکیلسواری،
ڕێکخراوەکانی دایکان و
باوکان، هتد
**ڕاپەڕێنەران (جێبەجێ کاران)**
دیزاینەرانی شارسازی،
تەلارسازان، وەستا و
کرێکاران، گەشەپێدەرانی
پرۆژە، قەرزپێدەران، هتد
**حکومەت**
ئاژانسەکان و یاسادانەرانی
فیدراڵی و هەرێمی و
شاری، هتد

## ئیشەکەت لەدوای خۆت ئەمێنێتەوە.

پێویستە ئێربەن دیزاینەر بەشێوەیەک لە شێوەکان کەسێکی خۆپەرست بێت. هەبوونی متمانە، یان ئازایەتی، یان باوەڕی پێویست بۆ نەخشاندنی ژینگە فیزیاییەکان و ژیانی ئەو خەڵکەشی تێیدا ئەژی، شتێکی مەزنە. بەڵام لە هەمان کاتیشدا دیزاینەری شارستانی پێویستە ئامادەی وازهێنان و دەستهەڵگرتن بێت لە خواستەکانی بۆ کۆنترۆڵ کردن یان بەڕێوەبردنی بەشێک لە پڕۆسەکە، پێویستە ئامادەی پەسندکردنی ئەوەبێت کە پڕۆسەکە لە هەموو کەسێک گەورەترە. ئەگەر هاتوو تووشی سەرلێشوانیش هاتین، پێویستە لە هەوڵ و کۆشش بەردەوام بین. دەرفەتی بەردەمی ئێمە بەشداریکردنە لە هەوڵێکدا کە بێ کۆتاییەو ئێمە تێئەپەڕێنێت و ئەبێتەهۆی نەخشاندنی ژیان لەدوای ڕۆیشتنی ئێمە.

